# لە ناوی کارڵ پۆپەرەوە بەرەو فەلسەفەکەی

کاروان عومەر کاکەسوور



٢٠ی کانونی یەکەم ٢٠٢٢ وتار

## پێشەکی:

لە بەرهەمەکانی پێشوومدا چەند جارێ ئاماژەم بە فەلسەفەی (کارڵ پۆپەر) کردووە. بۆ نموونە لەو گفتوگۆیەی (گۆران عەبدوڵڵا)ی بەڕێوەبەری (دەنگەکان) لەبارەی (کارڵ مارکس)ـەوە لەگەڵیدا کردووم، گوتوومە: {(کارڵ پۆپەر) ئایدیۆلۆجیاکانی بە دوژمنی کۆمەڵگەی کراوە زانیون، بەوەی ئەوان هەڵگری حەقیقەتی ڕەهان و ئەو حەقیقەتە ڕەهایەش بە زۆر و لە ڕێگای زەبروزەنگەوە

بەسەر کۆمەڵگەکاندا دەسەپێنن، وەک لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا دەیبینین. (پۆپەر) ڕەخنەی توند لە فەلسەفەی مێژووگەرایی دەگرێت، کە بە شێوەیەکی کۆنکریتی مەبەستی فەلسەفەی (پلاتۆن)، (هیگڵ) و (مارکس)ـە. واتە ئەو فەلسەفانەی وا لە مێژوو دەڕوانن، کە ڕەوتێکی ڕێک و ڕاستە و لەژێر زەبری حەتمیەتدایە، بەو مانایەی هەر دەبێت بەپێی ئەو پێشبینییەی ئەوان بچێتە پێشەوە. لە کتێبی (هەژاریی مێژووگەرایی)دا ئەو پێشبینییانە بە خورافە دەزانێت و پێی وایە ناکرێت نە لەسەر ئاستی عەقڵ و نە لەسەر ئاستی زانستدا پێشبینیی چۆنیەتیی ڕەوتی مێژوو بکرێت، بەو پێیەی مێژووی مرۆڤایەتی لە لایەک پێوەندیی بە خێراییی گەشەکردنی مەعریفەوە هەیە و لە لایەکی دیکەیش مەحاڵە نە لە ڕێگای زانست و نە لە ڕێگای عەقڵەوە پێشبینیی ئەوە بکرێت، کە مەعریفەی زانستیی مرۆڤ لە ئاییندەدا چۆن گەشە دەکات}. لە شوێنێکی دیکەی هەمان گفتوگۆدا ئاماژە بەوە دەکەم، کە {ئێمە نەماندەتوانی ڕەخنەی ڕەخنەگرێکی وەکوو (کارڵ پۆپەر) بە هەند هەڵبگرین و ناومان لێ دەنا ڕەخنەگری بۆرجوازی}.

مەبەست لەو ڕۆژگارەی سەردەمی بەعسە، کە کۆمەڵێک لاوی یاخی بووین و فەلسەفەی (مارکس) کۆی دەکردینەوە. هەر بە ڕاستی خۆم لەو ڕۆژگارەدا (پۆپەر)م ناسی، کە دەمویست بزانم ئەو ڕەخنەگرەی (مارکس) چیی نووسیوە و چۆن تیۆرییەکانی داڕشتوون. لە گفتوگۆکاندا بەردەوام ناوی دەهات و هەوڵ دەدرا بەرپەرچی ڕەخنەکانی بدرێتەوە، بگرە دەمانگوت ئەو کۆمەڵگە کراوەیەی دەیهێنێتە بەر چاو، هەر ئەو یۆتۆپیایانەیە، کە (مارکس) خۆی ڕەخنەی توندی لێ گرتوون. بۆ نموونە ئەو شەوەم لە بیرە، کە لەگەڵ کۆمەڵێک فێرخوازی دیکەی چەپی زانکۆی مووسڵ لە ماڵی فێرخوازان (student houses)دا بە سەر برد و بەشداریم لەو گفتوگۆیەدا کرد، کە لەبارەی (مارکس)ـەوە کرا. وەک هەمیشە ناوی (پۆپەر)یش هات. یەکێ لەو هاوڕێیانە لە کاتی گفتوگۆکەدا تێبینییەکانی خۆی لەسەر کاغەزێکدا دەنووسینەوە، بەو مەبەستەی ئەو دەمەی نۆرەی دێت، لە بیری نەچنەوە و بە چاکی دەریانببڕێت. ئینجا چونکێ هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بە عەرەبی خوێندبووی، بەو زمانە تۆماری دەکردن. ئەوەی تەنیشتی ملی ڕادەکێشێت و دەیانخوێنێتەوە. وا ڕێک دەکەوێت لە پێش ئەوەوە قسە بکات. دەڵێت: (کارڵ بووبووز ڕەخنەی زۆری لە مارکس گرتووە). واتە (پۆپەر)ی لێ دەبێتە (بووبووز). بۆمان دەرکەوت ئەو برادەرە یەکەمجارە ناوی (پۆپەر) دەبیستێت، ئەویش بە هەڵە.

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا نووسەر و ڕەخنەگرە میللییەکان بەردەوام کۆمەڵێک چەمکیان فڕێ داون و ناوی زۆر فیلۆسۆفیان هێناون، بێ ئەوەی ئاگایییەکی ئەوتۆیان لە بارەیانەوە هەبێت، کە خۆم لە ڕێی پرسیارەوە ڕووبەڕووی هەندێکیان بوومەتەوە. نوێترین بەرهەمم، گوتارێکە لە ژێر ناونیشانی (ڕەخنەگری میللی و چەمکی خوێنەر)دا بڵاو کراوەتەوە.

لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکم دەقی گوتوبێژێکی (ئارام کاکەی فەلاح)ی بۆ ناردووم، کە وەک ئەوەی پێی ڕاهاتووە بە زمانی میللی، ئەو زمانەی ڕۆژانە خەڵک لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا پێی دەدوێن، چەند شتێکی لەبارەی نووسینەوە گوتووە. ناوی کۆمەڵێک نووسەر و فیلۆسۆفی هێناون، کە یەکێکیان (پۆپەر)ـە. لێیان پرسیوە چ کتێبێک بۆچوونی گۆڕیوە. ناوی ئەوی لە پاڵ سێ نووسەری دیکەدا هێناوە. لێرەدا پەرەگرافەکەی وەک خۆی دەنووسینەوە:

(کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی- کارڵ پۆپەر کە ساڵی 1945 نووسیویێتی لە دوو بەشی کتێبێکی گەورەدا کە ڕەخنەی گرنگ لە فیکری پلاتۆن و هیگڵ و مارکس دەگرێ بۆ پێکهێنانی سیستمێک بۆ کۆمەڵگا و چۆن ئەم بیرە گەورانەش لە نووسینەکانیاندا کۆمەڵگای کراوەیان کردووەتە دەرەوە، زۆر شت لەو کتێبەوە فێر بووم).

بۆ کەسێک کەمێک ئاگای لە فیکری (پۆپەر) بێت، دەزانێت نووسەری ئەم وشانە شتێکی ئەوتۆی لەو بارەیەوە نەگوتووە. با بۆ ئەو پەرەگرافە بگەڕێینەوە، کە من لە سەرەتای ئەم نووسینەمدا لەو گفتوگۆیەی خۆمەوە وەرمگرت، کە دە ساڵ لەمەبەر لە (دەنگەکان)دا بڵاو کراوەتەوە و دواتریش لەگەڵ گفتوگۆی کۆمەڵێک نووسەری تر لە شێوەی کتێبدا چاپ کراوە. ئەمڕۆ لەوە ئاسانتر نییە هەر کەسێک ئەم چەند وشەیەی لەبارەی (پۆپەر) و چەمکی (کۆمەڵگەی کراوە)وە دەست بکەون: (ڕەخنەی گرنگ لە فیکری پلاتون و هیگڵ و مارکس دەگرێ). چاکە، بەڵام دوای ئەوە چیی دیکە هەیە؟ ئایا ئەو پەرەگرافەی بە دروستی داڕشتووەتەوە؟ نووسیویەتی: (بۆ پێکهێنانی سیستمێک بۆ کۆمەڵگا و چۆن ئەم بیرە گەورانەش لە نووسینەکانیاندا کۆمەڵگای کراوەیان کردووەتە دەرەوە). (پێکهێنانی سیستمێک بۆ کۆمەڵگا)؟ (پۆپەر) ئەوەی کردووە؟ ئەوە زمانی نووسینە؟ (چۆن ئەم بیرە گەورانەش لە نووسینەکانیاندا کۆمەڵگای کراوەیان کردووەتە دەرەوە)؟ ئەوە دەربڕینی نووسەرێکە، ئاگای لە (پۆپەر) و ئەو فیلۆسۆفانەی تر بێت، کە لەم گوتوبێژەدا ناوی هێناون؟ گوتوویەتی: (زۆر شت لەو کتێبەوە فێر بووم). ئایا وایە؟

لەم نووسینەمدا تەوەرەیەک بۆ ناساندنی فەلسەفەی (پۆپەر) تەرخان دەکەم و دواتر بۆ ئەم پەرەگرافە دەگەڕێمەوە، بەڵام ئێستا پێم خۆشە ئەوە بڵێمەوە، کە هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەی فیکری میللیدا دوو ڕێگە دەگرمە بەر. یەکەمیان، لە ئاستی بابەتەکەدا هەندێ پرسیار دەوروژێنم. وا پێویست دەکات پەنا بۆ ڕەگەزی پارۆدی ببەم. واتە گاڵتە بەو بیرۆکە ڕووکەشانە دەکەم، کە هەن. دیارە مەبەست لە نووسینی نووسەرە، نەوەک نووسەر خۆی، لە کاتێکدا هەر فیکرێک، ئینجا هیی سەرۆکی حیزبە، یان هیی سەرۆکی دەستگەیەکی کولتووری، هیی ڕۆماننووسی بەناوبانگە، یان هیی شاعیری ناسراو، بۆ ئەوەیە بکرێتە بابەتی نوکتە و پێکەنین. ئەوەی لە لای من نەکراوە و ناکرێت، گۆڕینی بوونی مرۆڤە بۆ بابەت، کە پێشتریش گوتوومە ئەوەی بوونی کەسێک دەکاتە بابەت، هاوکات بەوە ڕازییە بوونی خۆیشی بۆ بابەت بگۆڕێت. (ئەوەتە لێرەیشدا جەختم لێ کردەوە). دووەم، هەوڵ دەدەم ئەو چەمکانەی فڕێ دراون، کە زۆرینەی کات بۆ فریودانی خوێنەرە، دروستتر بۆ فریودانی جەماوەرە، هەڵبگرمەوە و لە ڕێی دایەلۆگەوە ڕەهەندەکانیان دەربخەم. مەبەست لە دایەلۆگ، بەسەرکردنەوەی ئەو کەناڵە فیکرییانەیە، کە لەو بارەیەوە دواون. دەمەوێت بڵێم چۆن ئەو چەمکانەی لە کاتێکدا کۆمەڵێک ڕەگیان لەناو فەلسەفەدا هەن و کۆمەڵێک بیرمەندیش پێوەیانەوە خەریک بوون، لە لای ڕەخنەگری میللی، یان نووسەری میللی دەچنە ئاستی میللی و بە زمانی ڕۆژانە وەسف دەکرێن.

لێرەدا بیرەوەرییەکی منداڵیم دەگێڕمەوە:

سەرەتای حەفتاکانە و تەمەنم شەش ساڵە. لەسەر شەقامی شەستمەتری بە پۆلێک یاریکەر دەگەم، کە بە شۆرت و فانێلاوە ڕا دەکەن. ژنێک دەبینم، لە ژنێکی دیکە دەپرسێت، کە لە بەردەرگەی خۆیاندا وەستاوە، ئاخۆ ئەوانە کێن و چی دەکەن. ئەو بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: یاریکەرن (لاعیبن). ئەگەر دەیانبینی لە تەلەڤیزیۆنیشدا چۆن گۆڵ دەکەن!

ژنی یەکەم مستێک بە سینگیدا دەکێشێت و بە خەمبارییەوە دەڵێت: هەی کوێراییم دابێت! هەی بمرم! وای نەمێنم!

هەندێک نووسەر و ڕەخنەگری میللی بێ ئەوەی بزانن ئەو چەمکانە چین و چۆن کاریان پێ کراوە، وەسفیان دەکەن و دەیانەوێت وامان پیشان بدەن، کە خۆیان پێوە ماندوو کردوون و بۆ هەر یەکێکیان چەند کتێبێکیان خوێندوونەتەوە. ئایا ئێمە ئەگەر بۆ بەرهەمەکانی (ئارام کاکەی فەلاح) بگەڕێینەوە، هەم ئەوەی لە بواری ئەدەبی گێڕانەوەدا نووسیونی، هەم گوتوبێژ و هەم گوتارەکانی،

ئاماژەیەکی کاڵیش دەبینین، کە دەریبخات ئەو نووسەرە پێوەندیی بە خوێندنەوەی فەلسەفەوە هەیە؟ پاشکۆی کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)م بۆ بابەتێکی ئەو تەرخان کردووە و خوێنەر دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە. ئەو پرسیارانەم لە لا نەدەورووژان، ئەگەر پێشتر بەو زمانە ڕۆژانەییەی نەنووسیبووایە.

وەک گوترا دواتر بۆ ئەو پەرەگرافە دەگەڕێینەوە.

* * * *

## کارڵ پۆپەر فیلۆسۆفی عەقڵ

ئەو فیلۆسۆفی عەقڵە، بگرە بە یەکێک لە فیلۆسۆفە دیارەکانی عەقڵ دادەنرێت لە سەدەی بیستەمدا، کە (٩٢) ساڵی تێدا ژییا، بەڵام لەو بوارەیشدا ڕێگەیەکی تایبەت دەگرێتە بەر و فەلسەفەیەکی تایبەتیش دادەمەزرێنێت، بە ڕادەیەک لە هیچ کۆمەڵناسێکی دیکە ناچێت. (پۆپەر) نەک هەر مەبەستی نییە لە ڕێی توێژینەوەی زانستییەوە بە حەقیقەتی ڕەها بگات، بەڵکوو دەیەوێت ئەوەیش دەربخات، کە هەر عەقڵانیەتێکی زانستی بەرهەمی مێژوویەکی دیاریکراوە، بۆیە ناکرێت لە سەردەمێکی دیکەدا پەنای بۆ ببرێت، بەوەی زانین لە پەرەسەندنی بەردەوام و خێرادایە، کە ئەو گۆڕانکارییانە وامان لێ دەکەن گومان بە پێشڕۆی خۆمان بزانین و هەمیشە تیۆرییەکان بخەینە بەردەم تاقیکردنەوەی سەختەوە، ئاخۆ دەردەچن، یان دەکەون؟ ئەوە هەر تاقیکردنەوەکانن پەرە بە تیۆرییەکان دەدەن و دەیانخەنە ئاستی بەرزترەوە، بێ ئەوەی بهێڵن بگەنە خاڵی کۆتایی، تا خۆیان بە حەقیقەتی ڕەها دابنێن. بەم شێوەیە تیۆرییەکان کاتێ دەتوانن درێژە بە خۆیان بدەن، کە لە تاقیکردنەوە بەردەوامەکان دەردەچن، دەنا لە کەڵک دەکەون و بە هیچ پاساوێک ناتوانرێت ژیانیان بە بەردا بکرێتەوە. ئەم پرۆسێسە ناوی پووچەڵکردنەوە، یان ڕەتکردنەوە، یان بەدرۆخستنەوە (Falsifiability)ـەیە، کە ڕاستییەکەی مەبەست لە بوونی توانای بەدرۆخستنەوەیە و پێوەرە بۆ ئەوەی چی زانستی و چی نازانستییە. دواتر بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەین.

دەکرێت بگوترێت (پۆپەر) مێتۆدێکی ڕەخنەیی تایبەت بە خۆی لە فەلسەفەی زانستدا دەگرێتە بەر، کە لەسەر پرینسیپی عەقڵانیەت دامەزراوە و لەوەدا بەرجەستەیە، ئایا چی ڕووی لە کرانەوەییە و چی داخراوی بەرهەم دێنێت؟ بە

مانایەکی دی، زانین (مەعریفە)ی زانستی لەو زانینە جودا دەکاتەوە، کە نەیتوانیوە بەو تاقیکردنەوانەدا تێبپەڕێت، تا زانستێتیی خۆی دەربخات.

پرسیاری (پۆپەر) ئەوە نییە، ئاخۆ زانین سەرچاوەکەی عەقڵە، یان هەستەکان، بەڵکوو ئەوەیە، ئایا دروستە، یان نادروست؟ زانستییە، یان نازانستی؟ لە ڕێی لۆجیکی دۆزینەوەی زانستی (The Logic of Scientific Discovery)یەوە دژی هەر لۆجیکێک دەوەستێتەوە، کە مەبەستیەتی بە شێوەی نازانستی پاساو بۆ ڕاستیی تیۆرییەکان بێنێتەوە. ئەو دەیەوێت بەو پێوەرە ڕاستگۆیانە بگات، کە بۆ عەقڵانیەت و زانست دەست دەدەن. ئینجا بەوەدا مێژووی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی سەیر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پەرەسەندنی زانینەوە، ئەوە سەختە چۆنیەتیی گەشەکردنی ئەو زانینە بیهێنینە بەرچاو، لە کاتێکدا سروشتی زانین وایە، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی قووڵتر گەشە دەکات، بێ ئەوەی بوەستێت، بۆیە هەر پێشبینییەکی ئاییندە لەم ڕووەوە کورت دەهێنێت و هیی ئەوە نییە پشتی پێ ببەسترێت. کاتێکیش ڕێگەکانی گەشەکردنی زانین نازانین، ئەوە حەتمیەتی مێژوویی (historicaldeterminism) جۆرێکە لە خورافە، بگرە تێگەیشتنێکی تیۆلۆجییە و ئەویش بە هەمان شێوەی حەقیقەتی ڕەها دەداتە دواوە. ئەو ئەگەر بە گشتی دژی حەتمیەتە، ئەوە لە بەرانبەردا ناحەتمیەت (indeterminism) دەخاتە ڕوو، کە زانینی زانستییانە دەیخوازێت، بەوەی زانینی زانستی پێویستە خاوەنی خەسڵەتی نزیکەیی بێت، نەوەک ڕەهایی، بگرە لەوەیش دوورتر دەچێت و بەردەمی بە کراوەیی جێ دەهێڵێت، تا هیچ شتێک ڕێ لە گەشەکردنی نەگرێت. وەک لە کتێبی (هەژاریی مێژووگەرایی: The Poverty of Historicism)دا پێی لەسەر دادەگرێت، کە مێژوو دەستنیشان ناکرێت. واتە سنووری بۆ دانانرێت و ڕێ نادات پێشبینی بۆ ئاییندە بکەین. لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا ڕەخنەی توند لە چەمکی حەتمیەت (determinism) دەگرێت، کە لە فەلسەفەی (پلاتۆ)، (هیگڵ)، (مارکس) و هیی دیکەدا بە زەقی دەبینرێت و بە مێژووگەرایی (historicism)یەوە گرێ دراوە. واتە مێژوو بە هێڵی ڕێکدا دەڕوات و قۆناغەکان بەپێی ئەو پێشبینییە دەبڕێت، بۆی کراوە. (پۆپەر) پێی وایە ئەمە دژی خوێندنەوەی ڕەخنەییانەیە و ئەوانە دەیانەوێت بە شێوەیەک مێژوو ببینن، تەنیا بە یەک شێواز دەچێتە پێشەوە. دواتر بۆ ئەم چەمکە دەگەڕێینەوە و قسەی زیاتری لێوە دەکەین، کە بەشێکی گرنگی فەلسەفەی (پۆپەر)ی لەسەر دامەزراوە.

ئەو بەوەدا فیلۆسۆفی ئەنتی گەوهەرگەرا (anti-essentialism)یە، نەوەک گەوهەرگەرا (essentialism)، ئەوە چەمکەکان ناخاتە ناو چوارچێوەی

دیاریکراوەوە، تا لە گەوهەریان بکۆڵێتەوە، بەڵکوو لە ڕووی ئەرک و ئامانجەوە لێیان دەڕوانێت. لە کتێبی (گریمانەکان و پووچەڵکردنەوەکان: گەشەی زانستی زانین: Conjectures and Refutations: The Growth of Scientific Knowledge)دا دەڵێت گەوهەرگەرا وا لە دنیای ئاسایی (ordinary world) دەڕوانێت، کە تەنیا ڕووخسارە و لە پشتیەوە دنیای ڕاستینە (real world) دەدۆزرێتەوە. ڕەگی گەوهەرگەرا بۆ (ئەرستۆ) دەگەڕێنێتەوە، کە پێی وایە ئەم ئاراستەیە بەرپرسیارە لەوەی زانستی کۆمەڵایەتی بە بەراورد لەگەڵ زانستی فیزیادا گەشەی نەکردووە. بەم شێوەیە چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، کۆمەڵگە، نەتەوە، دەوڵەت و زۆری دیکە لەلای ئەو لەو شوێنەوە گرنگن، کە چ کارێک لە تاک دەکەن و بە چ ئەنجامێکی دەگەیەنن. واتە ئامانجی زانستی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتییە.

## پۆپەر و کێشەی ئیندەکشن (The Problem of Induction)

ئیندەکشن واتە سەرنجدانی توێژەر لە دیاردە و ڕووداو، بەو مەبەستەی لە ڕێیانەوە بە ئەنجامێک بگات. لەو ئەنجامەوە تیۆرییەک دادەمەزرێنێت و بە هۆیەوە هەوڵی توێژینەوەی ئەو شتانە دەدات، تا چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. بە مانایەکی دی، لەو بەشە سەرنجدراوانەوە گشتێک پێک دەهێنێت. بەکورتی خوێندنەوەی گشت بە هۆی ئەو ئەنجامە تایبەتەی توێژەر لە ڕێی سەرنج و ئەزموون (observation and experiment)ـەوە بە دەستی هێناوە. وەک لە سەرەتای کتێبی (لۆجیکی دۆزینەوەی زانستی)دا دەڵێت بەو بەئەنجامگەیاندن (inference)ـە دەگوترێت ئیندەکتیڤ (inductive)، کاتێ لە باری کەسێتیی (singular statements)ـەوە گوازرایەوە، کە هەندێجار باری تایبەت (particular' statements)یشی پێ دەگوترێت، وەک ئەوەی ئەنجامی سەرنج و ئەزموون لە ئاستی بابەتە گشتییەکاندا لە شێوەی گریمان (hypotheses) و تیۆری دەردەخات.

دیدەکتیڤ (deductive) پێچەوانەی ئیندەکشن لە گشتەوە بۆ تایبەت ئاراستەیە، بەو مانایەی ئەو ئەنجامەی پێی دەگەین، لە پێوەرێکی لۆجیکییەوە هاتووە و کەمتر گشتییە لەو پێشەکییە گەورەیەی، کە لێیەوە دەرچووبووین. دیدەکتیڤ ناوەڕۆکی ئاراستەی فەلسەفەی عەقڵ (rationalism) پێک دەهێنێت، لە کاتێکدا ئیندەکتیڤ هیی ئاراستەی فەلسەفەی ئەزموونگەریی (empiricism)ـە. (پۆپەر) ڕەخنەی توند لە دووەمیان دەگرێت و بە ڕێی تایبەتی خۆی دیدەکتیڤ پەسەند دەکات. ئەگەرچی سەرنج و ئەزموون بە تەواوی دوور ناخاتەوە، بەڵام بە

سەرەکییان نازانێت، بەڵکوو بە شێوەیەک لێیان دەڕوانێت، کە یارمەتیدەرن لەوەی تیۆرییەکان تۆکمەتر بکەن. پێی وایە پرینسیپی ئیندەکشن ( induction principle) نایەوێت یاسا گشتییەکان لە بەرچاو بگرێت، بەڵکوو دووریان دەخاتەوە. بەکورتی کێشەی ئیندەکشن، ئەوەیە، کە ئاییندە وەک ئێستا دەبینێت و وای دادەنێت هەمان ئەو بارودۆخەی لەم ئێستایەدا هەیە، لە ئاییندەیشدا دەمێنێت، لە کاتێکدا زانینی مرۆڤ لە گۆڕاندایە، کە مانای وایە بارودۆخ نەگۆڕ نییە. وەک لە کتێبی (لۆجیکی دۆزینەوەی زانستی)دا ئاماژە بە (نیوتن) و (ئاینیشتاین) دەکات، کە هەردووکیان لە بواری فیزیادا تیۆرییان داڕشتووە، بەڵام لە دوو بارودۆخی جیاوازدا. ئەوەی دووەمیان لە بواری کێشکردندا ئەوەی یەکەمیانی کردە گریمانەیەکی ڕووت. دەگوترا خۆر لە بیستوچوار سەعاتدا جارێک هەڵدێت و ئاوا دەبێت، کەچی دەرکەوت ئەو خۆرە لە زەریای بەستەڵەکی باکووردا لە نیوەی شەودا دەردەکەوێت. دەگوترا ئەنجامی تێکڕای بوونەوەران مردنە، کەچی دەرکەوت بەکتریا نامرێت، بەڵکوو لە شێوەی دابەشبووندا زۆر دەبێت.

ڕاستییەکەی (داڤید هیۆم) پێشتر بە چڕی خۆی لە قەرەی ئیندەکشن داوە و لەم ڕووەوە دوو کێشەی دیاری کردوون: یەکەم، کێشەی لۆجیکی و دووەم، کێشەی سایکۆلۆجی. یەکەمیان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە پێی وایە هەمان ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ دووبارە دەبنەوە و ئێمە سەرنجیان دەدەینێ، لە ئاییندەیشدا ئەو سیستەمی دووبارەبوونەوەیەی خۆیان دەپارێزن، لە کاتێکدا ئەمە تەنیا باوەڕی ئێمەیە و لەسەر بنەمای خوو (habits)، یان ڕاهاتن (customs) دامەزراوە. واتە پەنابردن بۆ پرینسیپی یەکێتیی سروشت ( principle of Uniformity of Nature)، بەو مانایەی یاسا و میکانیزمەکانی سروشت ئێستا چۆنن، لە ڕابردوودا هەر وا بوون و لە ئاییندەیشدا هەر وا دەمێنێنەوە، هەڵەیەکی لۆجیکییە و بە بەڵگەی بازنەیی (circular argument) ناسراوە. مەبەست ئەوەیە بۆ ئەوەی ڕاستێتیی شتێک بسەلمێنێت، لە ناو خۆیدا بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە. بۆ نموونە ئەم دەرمانە باشە، چونکە لەسەر پاکەتەکەیدا وا نووسراوە. کێشەی دووەمیان، کە سایکۆلۆجییە، (هیۆم) بۆ پرینسیپی پێوەندگەرایی (principles of association)ی دەگەڕێنێتەوە. وا ڕاهاتووین شتەکان پێکەوە دەبەستینەوە. لەبەر ئەوە نا پرینسیپی هۆکار دەیخوازێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی پێی ڕاهاتووین. ناکرێت بەبێ دووکەڵ، بیر لە ئاگر بکەینەوە، کە (هیوم) پێی وایە لێرەدا خەسڵەتی عەقڵ ونە. واتە دۆخی هۆکاری (causation) بریتییە لەو ڕاهاتنە هزرییەی، کە بەرهەمی پێکبەستنەوەیە، دەنا هیچ ڕاستییەکی ئۆنتۆلۆجیی لە پشتەوە نییە. بەم شێوەیە هەر مەعریفەیەک لەم

هۆکارییەوە سەرچاوە بگرێت، دوورە لەوەی خاوەنی خەسڵەتی حەقیقەت بێت. ئەو فیلۆسۆفەی سەدەی هەژدەم ئەوە نییە بڵێت ئەزموون هەر بە هیچ شێوەیەک لە پێکهێنانی بیرۆکەکانماندا گرنگ نییە، بەڵام ئایا کاریگەرییە هەستییەکان (sense impressions)، کە ئەزموونی خۆمانیان لەسەر دادەمەزرێنین، تەنیا وێنەی هزریی ئەو شتانەن، دەیانبینین و حەقیقەت نانوێنن، یان هەر زانینی ڕاستی پیشان دەدەن؟ ئایا دەکرێت ئەو دۆخە ئەزموونکراوانە بەسەر ئەوانەیشدا بگشتێنین، کە هێشتا ئەزموون نەکراون؟ نەخێر، لە ڕووی لۆجیکییەوە ناکرێت، چونکە شتەکان زۆرینەی کات پێکەوە نەبەستراونەتەوە، مەگەر ئەوانەی لە ڕێی دووبارەکردنەوەوە پێیان ڕاهاتووین، بۆیە (هیۆم) لە ڕووی لۆجیکییەوە ئیندەکشن دەداتە دواوە و تەنیا لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە دەیهێڵێتەوە، کە بە هۆشیاریی کەسێتیمانەوە بەندە. هەرچی (پۆپەر)ـە لە ڕووی ئەپستمۆلۆجییەوە، واتە لە ڕووی تیۆریی زانینەوە ڕەخنەی لێ دەگرێت، کە هاوکات ئەوەی (هیۆم)یش بە ناعەقڵانی (irrational) دادەنێت.

(پۆپەر) لەم ڕووەوە سوود لە بۆچوونەکانی (هیۆم) دەبینێت و پەرەیان پێ دەدات، کە یەکەم فیلۆسۆفە گومانی لە پرینسیپی ئیندەکشن کردبێت، بەڵام ڕەخنەی توندیشی لێ دەگرێت، بەوەی لە ئاستی سایکۆلۆجیدا دەیهێڵێتەوە.

دەکرێت بگوترێت لە لای (پۆپەر) مێتۆدی زانستی بە پلەی یەکەم پشت بە گریمان دەبەستێت، نەوەک بە سەرنج و ئەزموون، چونکە ئەوەی ڕێمان دەدات ڕاستی و چەوتیی شتەکان دەربخەین، گریمانەیە، بەوەی هەر تیۆرییەک کاتێ وەک زانست دەناسرێت، کە توانای هەبێت بخرێتە بەر تاقیکردنەوەوە، بێ ئەوەی خۆی لە دەست بدات. ساتێ دەگوترێت گریمانە، واتە ئێمە بۆ سەلماندنی ڕاستیی تیۆرییەک ڕێگەیەکی دیاریکراومان نییە، بەڵکوو لە دۆخی دۆزینەوەی ڕێی گونجاوداین، کە دەشێ زیاتر لە تیۆرییەک بدۆزینەوە، لە کاتێکدا ئەوانەی پشت بە ئیندەکشن دەبەستن، پێیان وایە تیۆریی زانستی، ئەوەیە، لە ڕووی ئەزموونەوە دەرکەوتووە، زانستییە، کە بە بڕوای (پۆپەر) ئەوانە دەرگە لە بەردەم کرانەوەی زانست دادەخەن و ڕێ نادەن قسەی دیکەی لێوە بکرێت. ئەزموون دەتوانێت لایەکی ئەو شتەمان پیشان بدات، بەڵام لاکانی دیکە دەشارێتەوە. واتە ئەگەر بێژمار بەڵگەمان دەست کەوت و سەلمێنرا لایەکی ئەم تیۆرییە دروستە، هێشتا لاکانی دیکە وەک خۆیان ماونەتەوە و نەسەلمێنراون. وەک لە سەرەتای کتێبی (لۆجیکی دۆزینەوەی زانستی)دا نموونە بە مەلی قوڵینگ (swan) دێنێتەوە، کە دەگوترێت هەموویان سپین، بەڵام کاتێک ڕەنگێکی دیکەمان دەست دەکەوێت، ئەوە تێکڕای ئەو بەڵگانەی بۆ ئەوە دەهێنرانەوە، گۆیە

تەنیا قوڵینگی سپی هەیە، بەو دانەیە پووچ دەبێتەوە. بەکورتی هەزار قوڵینگی سپی ناتوانن بیسەلمێنن سەرجەم قوڵینگەکان سپین، بەڵام یەک قوڵینگی ڕەش دەتوانێت (یاسای گشت قوڵینگەکان سپین) بە درۆ بخاتەوە. پێی وایە لەم دۆخەدا پێویستە تیۆریست هەوڵ بدات تیۆرییەکەی بە لاوە بنێت (disprove) لە جیاتیی ئەوەی بیەوێت بەردەوام بیسەلمێنێت. لەو ڕووەوە دەڵێت زانست یارمەتیمان دەدات وردەوردە (progressively) لە حەقیقەت نزیک ببینەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانین دڵنیا ببین بە ڕاڤەی کۆتایی (final explanation) گەیشتووین.

## پۆپەر و پرینسیپی پووچەڵکردنەوە، یان بەدرۆخستنەوە (Falsifiability)

لە سەرەوە کەموزۆر ڕوانینی (پۆپەر)مان لە مەڕ تیۆریی زانستییەوە دەرخست، بەڵام لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین وردتر لەبارەی ئەو میکانیزمانەوە بدوێین، کە ئەو لە پێکهێنانی تیۆریدا لە بەرچاویان دەگرێت. کاتێ دەڵێین تیۆری، ئەوە هاوکات ئاماژە بە کێشەیەک، یان چەند کێشەیەک هەیە، بەوەی تیۆرییەکان لە پێناوی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان دادەمەزرێن، تا چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە. لە لای (پۆپەر) شتەکە سەیر و تایبەت دێتە بەر چاو. پێشتر گوترا ئاڕاستەی ئیندەکشن مەبەستیەتی لە ڕێی سەرنج و ئەزموونەوە ڕاستێتیی تیۆرییەک بسەلمێنێت، کە لەم ڕووەوە بەردەوام بەڵگەی بۆ دێنێتەوە. بە مانایەکی دی، ڕێیەکی پۆزەتیڤ دەگرێتە بەر و پشت بە پرینسیپی بەدروستزانین (verification) دەبەستێت، لە کاتێکدا (پۆپەر) نایەوێت ئەو بەڵگانە بدۆزێتەوە، کە تیۆرییەکە بە دروست دەزانن، بەڵکوو بە دوای ئەوانەدا دەگەڕێت، توانایان هەیە بە درۆی بخەنەوە. تا ئەو دەمەی نەیدۆزیونەتەوە، ئەوە تیۆرییەکە زانستییە و بە دروست دادەنرێت. هەر تیۆرییەک ئەو پرینسیپە هەڵنەگرێت و نەتوانێت پێشبینیی ئەوە بکات ڕۆژگارێک بە درۆ دەخرێتەوە، مانای وایە نازانستییە. واتە بوونی ئەگەرەکانی بەدرۆخستنەوە (Potential falsifiers) تیۆریی زانستی لە هیی نازانستی جودا دەکەنەوە. وەک دەبینین بە شێوەی نەگەتیڤ مامەڵە دەکات، تا نەگاتە یەقین، بەڵکوو بەردەوام لەناو گریمانەدا بمێنێتەوە، چونکێ هیچ سەرچاوەیەک بە جێگەی بڕوای تەواو نازانێت، تا زانینی لێ وەربگرێت. وەک پێشتر گوترا ئەو سەرنج و ئەزموون بە تەواوی بە لاوە نانێت، بەڵکوو بەپێی پێویست و وەک ڕەگەزی یارمەتیدەر بۆ تۆکمەکردنی تیۆری پەنایان بۆ دەبات. واتە عەقڵ و ئەزموون پێکڕا بە سەرچاوەی زانین دەزانێت، بەڵام دەست لە گومان و ڕەخنە هەڵناگرێت. ئەوەی پرینسیپی بەدرۆخستنەوەی پەسەند کرد، زانستە و ئەوەی نەیکرد، مێتافیزیکە. دەکرێت

بگوترێت بەدرۆخستنەوە، یان پووچەڵکردنەوە (Falsifiability) سنووری نێوان زانست و نازانست، یان زانست و مێتافیزیکا دیاری دەکات. وەک گوترا لە دژی پرینسیپی بەدروستزانین (verification) دەوەستێتەوە. ڕاستییەکەی بیرمەندانی ئاڕاستەی پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی (Logical positivism)، کە دواتر ناویان بۆ ئەزموونگەرایی لۆجیکی (Logical empiricism) گۆڕا، لە بیستەکان و سییەکان لە نەمسا و ئەڵمانیادا چالاک بوون، پشتیان بەو پرینسیپە دەبەست. ئەوانی ئەندامی بازنەی ڤییەنا (Vienna Circle) وا لە زانینی زانستییان دەڕوانی، کە بریتییە لە کۆمەڵێک گشتاندنی ئەزموونییانە (empiricalgeneralization). واتە چەند شێواز و سیستەمێکن، لە بارودۆخی جۆراوجۆردا دووبارە دەبنەوە و بە ڕێگەی ماتماتیکی، گرافیکی، یان سیمبۆلی وەسف دەکرێن. بە مانایەکی دی، یاساکانیان بەپێی لۆجیکی بەدروستزانین لە پوختەی پێکهاتە بەشییەکانەوە، کە بە پرۆسێسی کەڵەکەبووندا تێپەڕیون، وەردەگرن، بەو مانایەی ڕەزامەندی، یان جەختکردنەوە (confirmability)ی زۆریان بە دەست هێناون. لێرەدا پشت بە سەرنج (observation) دەبەستن، کە تێیدا هەستەکان ڕۆڵ دەبینن  و بایەخیش بە پێوان (measurement) دەدەن. ئەوان بەوەدا توند پێ لەسەر مانای شت دادەگرن، ئەو ڕەزامەندی و جەختکردنەوەیە بە گرنگ دەزانن. دەیانگوت هیچ دەربڕینێک دروست نییە، ئەگەر بە پرۆسێسی بەدروستزانیندا تێنەپەڕێت، بەو مانایەی پێویستە بزانرێت، ئاخۆ دروستە، یان نا، کە هەر ئەوەیشیان بە پێوەری زانستی و نازانستی، لۆجیکی و نالۆجیکی دەزانی. واتە مانای ڕەهای شتیان دەخستە سەرووی هەر بابەتێکی دیکەوە. بۆ ئەو مەبەستەیش پەنایان بۆ ڕاڤەی زمانی زانست دەبرد، کە کاریگەریی کتێبی (نامەی لۆجیکی فەلسەفی: Tractatus Logico-Philosophicus)ی (لودڤیگ ڤیتگینیشتاین)یان بەسەرەوە بوو، لەوەی ئەو دەڵێت ئامانجی فەلسەفە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی لۆجیکی بیرۆکەکان، بەو مانایەی فەلسەفە پراکتیکە، نەوەک تیۆری، کە ڕوونکردنەوەی لۆجیکی مانای بیرۆکەکان هاوکات ڕوونکردنەوەی بابەتە فەلسەفییەکانە. (پۆپەر) کتێبی (لۆجیکی دۆزینەوەی زانستی)ی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانە تەرخان کردووە و پێی وایە ئەرکی فەلسەفە نە ڕاڤەکردنی لوغزەکانی زمانە و نە ڕوونکردنەوەی دەربڕین و دەستەواژەکانیشیەتی، بەڵکوو ئەرکەکەی گەڕانە بە دوای تیۆرییە دروستەکان. ڕاستە (پۆپەر) ڕۆژگارێک بە شێوەیەک لە شێوەکان لەو ئاڕاستەیەوە نزیک بووە، بە تایبەتی خۆی بە هاوڕێی (هێربەرت فیگل)، (ڤیکتۆر کرافت)، (فریدرێک وەیزمان) و (کورت جیودل)ی ئەندامانی زانیوە، بەڵام بەوەدا ئەو ئاڕاستەیە وا لە زانست دەڕوانێت، ڕەهایە، ئەوە لەگەڵی ڕێک ناکەوێت، لە کاتێکدا ئەو پێی

وایە زانست هەمیشە پێویستی بە گەشەکردن هەیە و ناگاتە خاڵی کۆتایی، بۆیە گریمانە و قەبڵاندن (guessing) خەسڵەتی زانستی ڕاستینەن. لە گوتاری زانست وەک بەدرۆخستنەوە (Science as Falsification)دا، کە پێشتر لە کۆرسێکدا پێشکەشی کردووە و لە (١٩٦٣) لەگەڵ چەند گوتاری دیکە لە کتێبی (گریمانەکان و پووچەڵکردنەوەکان: گەشەی زانستی زانین)دا چاپ کراوە، دەڵێت لە پاییزی (١٩١٩)ـەوە ویستوویەتی ڕووبەڕووی ئەو گرفتە ببێتەوە: (کەی دەکرێت تیۆرییەک وەک زانستی پۆلێن بکرێت؟: When should a theory be ranked as scientific?)، یان (ئایا پێوەرێک بۆ خەسڵەتی زانستییانە و پایەی تیۆرییەک هەیە؟: "Is there a criterion for the scientific character or status of a theory?). دەڵێت ئەوەی ئەوسا تووشی نیگەرانیی کردووە، ئەوە نەبووە، ئاخۆ (کەی تیۆرییەک دروستە؟)، یان (کەی تیۆرییەک پەسەندکراوە؟)، بەڵکوو ئەو پرسیارانەی سەرەوەن، کە لەوێوە ڕەخنەی لە ئیندەکشن گرتووە و هەوڵی داوە تیۆریی زانستی لە هیی نازانستی جودا بکاتەوە. لە کتێبی (ئەفسانەی چوارچێوە: The Myth of the Framework)دا، کە دوا بەرهەمیەتی و تێیدا باس لەو تاوانانە دەکات، بە هۆی بوونی باوەڕی ڕەهاوە ڕووبەڕووی داهێنەرانی زانست بوونەتەوە و هاوکات پێ لەسەر بایەخی زانست دادەگرێت، کە چۆن لە ڕێی ڕەخنەوە بەرپەرچی هەموو جۆرە ئەفسانەیەکی داوەتەوە. لەوێدا دەڵێت: (ئێمە ئەگەر تیۆرییەکەمان تاقی کردەوە و دەرمانخست چەوتە، پێویستە دیاری بکەین چ بەشێک لەو بەشانەی پێکیان هێناوە، لە سەرنەکەوتنەکەیدا بەرپرسیارە). بەم پێیە ئێمە لە ڕێی بەدرۆخستنەوەوە زانینمان پێش دەخەین، کاتێ لە کێشە کۆنەکانەوە بەرەو کێشە نوێیەکان دەچین، بەو مانایەی لە هەڵەکانمانەوە فێر دەبین و ئەوەیشە هێزی بەردەوامیمان پێ دەبەخشێت).

(پۆپەر) لە ڕێی ئەم چوار هێمایەوە بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو: ($P_1$ » $TT$ » $EE$ » $P_2$.). ($P$) واتە کێشە (problem). ($TT$) کورتکراوەی تیۆریی کاتی (tentative theory)یە. ($EE$)ی بە مانای بنەبڕکردنی هەڵە (error-elimination) دێت، کە ڕاستییەکەی واتای هەوڵە بۆ نەهێشتنی هەڵە ( stands for 'attempted' error-elimination)، بە تایبەتی لە ڕێی گفتوگۆی ڕەخنەییەوە. مەبەست لە ($P_2$) دانانی کێشەیەکی نوێیە، کە پێویستە چارەسەری نوێیشی بۆ بدۆزرێتەوە. بەکورتی مەبەست لەوەیە چۆن زانین گەشە دەکات و لە وەستان ناکەوێت. پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەزموونگەراییی لۆجیکی، کە وای دەبینێت ڕەوتی زانست بریتییە لە کەڵەکەبوون، ئەو پێی وایە شۆڕشگێڕییە، بەو مانایەی پێشکەوتنی زانست تیۆرییەک دەخاتە شوێنی یەکێکی ترەوە و ئامانجیشی

نزیکبوونەوەیە لە حەقیقەت. نزیکبوونەوە، نەوەک گەیشتن. واتە گەڕانی بەردەوام بە دوای ئەو تیۆرییانەی پتر لەگەڵ واقیعدا دەگونجێن و دەتوانن گۆڕانی تێدا بکەن. لێرەوەیە پێ لەسەر زانینی بابەتییانە (Objectiveknowledge) دادەگرێت، کە لەسەر بنەمای قەبڵاندن دادەمەزرێت و ڕێ دەدات بخرێتە بەردەم تاقیکردنەوەوە. زمان تێیدا خاڵی گەوهەرییە، بەوەی زانین تەنیا کاتێ لە بواری خودەوە بۆ بواری بابەتی دەگوازرێتەوە، کە لە شێوەی زمان دادەڕێژرێتەوە، بە مەرجێ تاقیکردنەوە و ڕەخنە لەو پرۆسێسەدا چالاک ببن. پێی وایە لەم ڕووەوە (کانت)ی فیلۆسۆف یەکەمجار پێی لەسەر بابەتێتی بابەتی زانستی داگرتووە، کە ئەوەیش پێوەندییەکی پتەوی بە دامەزراندنی تیۆرییەوە هەیە، لە ڕێی گریمان و بابەتی گشتی (universalstatements)یەوە، لە کاتێکدا (پۆپەر) لە کتێبی (لۆجیکی دۆزینەوەی زانستی)دا دەڵێت خۆی بە شێوەیەکی جیاواز چەمکی بابەتی (objective) و تایبەتی (subjective‘)ی لە هیی (کانت) بە کار دەهێنێت. لە لای (کانت) وشەی (تایبەتی) ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە زانینی زانستی پێویستە پاساوی هەبێت (justifiable) و تەواو لە هەوەس (whim)ی کەس سەربەخۆ بێت. پاساو پێویستە بابەتی بێت، ئەگەر لەسەر ئاستی پرینسیپدا بگونجێت لەلایەن کەسەوە ئەزموون بکرێت و لێی تێبگەیشترێت.(کانت) دەنووسێت: (ئەگەر شتێک ڕاست بوو) لە لای هەر کەسێک بە گوێرەی ئەو بیرۆکەیەی هەیەتی، ئەوە بنەماکەی بابەتی و تەواوە. (پۆپەر) هەر لێرەدا دەڵێت بەڵام تیۆریی زانستی هەرگیز بە تەواوی قەبووڵی ناکات پاساوی بۆ بهێنرێتەوە و بەدروستزانین (verifiable)ی بۆ بکرێت، بەڵکوو تەنیا تاقیکردنەوە دەخوازێت.

(پۆپەر) لەم ڕووەوە پشت بە تیۆریی هەوڵ و هەڵە (trial and error) دەبەستێت، کە پێشتر (ئێدوارد تۆرەندایک: Edward Lee Thorndike)ی دەروونناس لە بواری سایکۆلۆجیای پەروەردەیی ( Educational psychology)دا پەنای بۆ بردووە. مەبەست ئەوەیە چۆن بوونەوەر لە ڕێی هەڵەکانیەوە فێر دەبێت چارەسەر بدۆزێتەوە. پرۆسێسێکە، دەکەوێتە پێش سەرنجەوە، بەوەی هەر کاتێ هەستمان کرد هەڵەیەک هەیە، هەوڵێکی تر دەدەین، تا هیی ڕاست دەدۆزینەوە. لێرەدا سوودی لە هەڵبژاردنی سروشتی ( natural selection)ی (چارلز داروین)یش بینیوە، کە چەمکێکی بنەڕەتییە لە تیۆریی پەرەسەندندا و مەبەستی ئەوەیە سروشت پەنا بۆ کرداری هەڵبژاردن دەبات، تا لە ڕێی بۆماوەوە ئەوانە بهێڵێتەوە، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا توانای خۆگونجانیان هەیە و هاوکات ئەوانەی لەم خەسڵەتە بێبەشن، بە لاوەیان دەنێت. لەمەوە بوونەوەر دۆخێک جێ دەهێڵێت و دەچێتە دۆخێکی باڵاترەوە. لە کتێبی

(گەڕان بە دوای جیهانێکی باشتردا: In Search of a Better World)دا دەنووسێت: (بەپێی داروینیزم بوونەوەر لە ڕێی هەڵبژاردنی سروشتییەوە خۆی لەگەڵ ژینگەکەیدا دەگونجێنێت، کە ئەوەمان فێر دەکات ڕۆڵی بوونەوەر لەم پرۆسێسەدا نەگەتیڤە، بەڵام لێرەدا ئەوەی زۆر گرنگ دێتە بەر چاوم، ئەوەیە، کە بوونەوەر لە ژیانێکی باشتر دەگەڕێت. بەم شێوەیە داهێنان دەکات و ڕێکخستنێکی نوێ لە ژینگەدا دێنێتە دی). (پۆپەر) بە هەمان شێوە لە پرینسیپی هەوڵ و هەڵەدا ئەوە دەبینێت، کە تیۆرییە گونجاوەکان دەمێننەوە و گەشە دەکەن. پێی وایە لەمەدا هەم مرۆڤ و هەم ئاژەڵ هاوبەشن، بەوەی لە ئەمیبای یەکخانەوە بیگرە تا مرۆڤی بەرزترین ئۆرگانیزم پەنای بۆ دەبەن. ئەمیان بە شێوەی میکانیکی و ئەویان بە شێوەی هۆشیاری. بەوەدا مرۆڤ خاوەنی زمانە، ئەو زانینەی خۆی بابەتییانە و لە شێوەی بیردۆزە دادەڕێژێت. لەو گوتارەی ناوی ناوە (دایەلکتیک چییە؟)، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە لە ڕێی (هەوڵ و هەڵە)وە بیری مرۆڤایەتی گەشە دەکات، بۆیە هەر کاتێ ئەو دۆخە ونە، ئەوە تیۆرییەکان بە شێوەی دۆگمایانە پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان دەکەن.

(پۆپەر) لە بواری زانینی بابەتییانە (Objective knowledge)دا باسی سێ جیهان دێنێتە گۆڕێ و مەبەستیش لە ڕێگەی پەرەسەندن ( evolutionary approach)ە، بەو مانایەی زانینیش وێنەی بوونەوەر بە پرۆسێسی هەڵبژاردنی سروشتیدا تێدەپەڕێت، کە ڕاستییەکەیشی لە بەرهەمە درەنگەکانی ئەو فیلۆسۆفەیە. سێ جیهانەکە ئەمانەن:

جیهانی یەکەم، جیهانی شتی ماددی (physical objects)یە، کە ئەوانەن، هەستیان پێ دەکرێت، چ زیندوو و چ بێگیان. جیهانی دووەم، ئەزموونی خودی (subjectiveexperiences)یە، کە لایەنی هەست و نەست دەگرێتەوە. لە پاڵ هەست و سۆزدا، کرداری عەقڵییش سەر بەم دنیایەیە. دەکرێت بگوترێت لایەنی سایکۆلۆجیایە. جیهانی سێیەم، هیی فیکرە، بەو مانایەی بەرهەمی مرۆڤە و ڕەگەزی زمانی تێدا دەردەکەوێت. داهێنانی هونەری، ئەدەبی، فەلسەفی، زانستی، مۆڕاڵی و زۆری دیکە لەم دنیایەدا سەر هەڵدەدەن و گەشە دەکەن. جیهانی کولتوورە. ئەو سێ جیهانە نەک سنووری کۆنکریتبەندییان لە نێواندا نییە، بەڵکوو بەسەر یەکیشدا کراوەن و ئەمیان کار لەویان دەکات. جیهانی دووەم ئەڵقەی پێکبەستنەوەی جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەمە، بەو مانایەی جیهانی خودە، کە لە ڕێی هەست و عەقڵەوە جیهانی یەکەمی ناسیوە و هەر خۆیشی جیهانی سێیەمی بە پێکهاتەی جیهانی یەکەم ئەفراندووە. لە جیهانی یەکەمدا مرۆڤ ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە و بە سروشتی خۆی بە دوای چارەسەردا

دەگەڕێت، کە لێرەوە بۆ جیهانی دووەم دەپەڕێتەوە، کە جیهانی ئەزموونی خودی (subjective experiences)یە. ئەو ئەزموونە بەردەوام گەورە دەبێت، مادام پاڵی پێوە دەنێت لە حەقیقەت نزیک ببێتەوە. هۆشیاریی زیاتر پەیدا دەکات و دەبێتە خاوەنی یادەوەریی تایبەتی خۆی. ئینجا جیهانی سێیەم دەردەکەوێت، کە تێیدا لە ڕێی زمانەوە تیۆری دادەڕێژێت و بە هۆیەوە ڕووبەڕووی جیهانی ماددی، واتە ڕووبەڕووی جیهانی یەکەم دەبێتەوە.

(پۆپەر) تیۆریی زانستیی لە شێوەی هیی (ئاینیشتاین) لە هیی کۆمەڵایەتیی (مارکس) بە نموونە و هیی سایکۆلۆجیی (فرۆید) و (ئەدلەر) بە نموونە جودا دەکاتەوە، کە ئەوەی (ئاینیشتاین) دەخرێتە بەر تاقیکردنەوەوە، بەڵام هیی ئەوانەی دی نا. دەشێ ململانێی کۆمەڵگە لە چینایەتییەوە سەرچاوە نەگرێت، یان فلان کێشە دەروونی نەبێت، بەڵام بەوەدا ناخرێنە بەردەمی ئەو تاقیکردنەوەیەوە، ئەوە سەختە بە لاوە بنرێن، بەوەی هەمیشە لایەنگرانیان پاساویان بۆ دێننەوە. دەروونشیکاری (psychoanalysis) لە لای (پۆپەر) زانست نییە، با لە ئاستی فرەواندا کاری پێ بکرێت و لایەنگرانیشی زۆر بن. تیۆریی (ئاینیشتاین) لەگەڵ ماددەدا مامەڵە دەکات، کە ڕووناکاییە، بۆیە ئاسانە بخرێتە بەردەم تاقیکردنەوەوە و ئەنجامەکەی ببینیت، یان ڕاستی و ناڕاستیی تیۆریی ڕێژەیی بسەلمێنرێت. کاتێ دەڵێت تیشک لار دەبێتەوە، ئەگەر بە تەنێکی قورسدا بڕوات، زانست سەلماندوویەتی، کە دروست بۆی چووە، لە کاتێکدا بابەتی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و هیی تیۆریی سایکۆلۆجی ماددە نییە، بەڵکوو مۆراڵە، کە ڕێگرن لەوەی تاقی بکرێنەوە. هەر ئەوە وا لە (پۆپەر) دەکات بە نازانستییان لە قەڵەم بدات. ئەوانە دەتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکاندا بگونجێنن و درێژە بە ژیانیان بدەن. پێیان دەکرێت وەهم لە لای مرۆڤ دروست بکەن و هەر بەو وەهمەیشەوە لێیان بڕوانن. هەندێک لەو تیۆرییانە کاتێ لە تاقیکردنەوەدا کورت دەهێنن، هێشتا لایەنگرانیان بەرگرییان لێ دەکەن و هەوڵ دەدەن هەندێک گریمانەی یارمەتیدەریان بۆ دابنێن، یان بە شێوازی وا ڕاڤەیان بکەنەوە، کە بە لاوە نەنرێن. ئەوە بە فێڵی کۆنەخوازانە ( conventionalist twist) ناو دەبات. ئەو سەرەڕای سەرسامیی بە تیۆریی (پەرەسەندن)ی (داروین)، کە دەڵێت تیۆرییەکی بەهێزە، بەڵام هێشتا پێی وایە چوارچێوەیەکی مێتافیزیکیی هەیە و ناکرێت بڕوا بێنین بە شێوەی زانستی پەرەسەندنی لێک داوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا بە پرینسیپی مانەوە بۆ گونجاوترینەکان ( survival of the fittest) سەرسامە، بەوەی دەکرێت لێیەوە بڕوانینە تیۆرییەکان، تا بزانین کامیان زیاتر بەرگەی تاقیکردنەوەکان دەگرێت و پتر مانەوەی خۆی

دەسەلمێنێت. ڕاستییەکەی (پۆپەر) بەو مەبەستەی زانست لە نازانست جودا بکاتەوە، هەمیشە دڵڕەقانە لە تیۆرییەکان دەڕوانێت.

ئەگەر (پۆپەر) ڕەخنەی توند لە (پلاتۆ) دەگرێت و پێی وایە بیرۆکەکانی (سۆکرات)ی شێواندووە، بگرە ناپاکیی لە فێرکارییەکانی کردووە، ئەوە لایەنگرێتیی خۆی بۆ (سۆکرات) ناشارێتەوە، بە تایبەتی لەوەدا، کە ڕوانینێکی زانستییانەی بۆ زانین هەیە و پێی وایە هەموو زانینەکەی لەوەدا کۆ دەبێتەوە، دەزانێت نەزانە. واتە بەردەوام پێویستی بە گەڕان، لێکدانەوە و فێربوون هەیە. ئەوە هەر ئەوەیە (پۆپەر)یش پێی لەسەر دادەگرێت و لەو تێگەیشتنەوە دەیەوێت تیۆرییەکان هەمیشە تاقی بکرێنەوە و هەرگیز بە خاڵی کۆتایی نەگەن. ئایدیۆلۆجیاکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کلیلی زانینی گەردوونیان دۆزیوەتەوە و چارەسەری هەموو گرفتەکانیان لە لایە، لە کاتێکدا ڕێ نادەن بخرێنە بەردەم تاقیکردنەوەوە. بەر لەوەی نەمسا جێ بهێڵێت و ڕوو لە نیوزلاند بکات و دواییش لە لەندەن بگیرسێتەوە، بە هۆی نەدارییەوە لە دارتاشخانەیەکدا کاری دەکرد. دەڵێت هێندەی لە (وەستا ئۆلبێرت)ـەوە فێری تیۆریی زانین بووە، لە هیچ یەکێ لە مامۆستاکانی تری فێر نەبووە، لە کاتێکدا ڕۆڵەی خانەوادەیەکی ڕۆشنبیری ئۆرستۆکراتی بووە، کە هەم دایکی و هەم باوکی بە کەسانی ئەکادیمی و هونەردۆست دادەنران. ئەو وەستایە وای کردووە هەست بکات شاگردی (سۆکرات)ـە. ئەوەی (سۆکرات) دەڵێت پێویستە مرۆڤی دەوڵەتدار، واتە ئەوەی لە سیاسەتدا کار دەکات، زانا بێت، وای لێک دەداتەوە، کە دەبێت ددان بەوەدا بنێت هیچ نازانێت. (پۆپەر) لە پێشەکیی کتێبی (ئەفسانەی چوارچێوە: The Myth of the Framework)دا دەنووسێت: (خۆمم بە پسپۆر دانەناوە، نە لە زانست و نە لە فەلسەفەیشدا، بەڵام بە درێژاییی تەمەنم هەوڵی ڕاستیم داوە شتێک لەم دنیایە بگەم، کە تێیدا دەژین. باوەڕم وایە زانینی زانستی و عەقڵانیەتی مرۆڤایەتی، کە هەمیشە ئەو زانینە بەرهەم دێنن، هەمیشە هیی ئەوەن بکەونە هەڵەوە). ئەو بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت زانین فریومان نەدات و بەردەوام چاومان لە ئاستی هەڵەدا کراوە بێت. هەر لەو کتێبەدا دەڵێت: (دەکرێت من هەڵە بم و دەشێ تۆ ڕاست بیت. بە هەوڵدان زیاتر لە حەقیقەت نزیک دەبینەوە). ئینجا ئاماژە بەوە دەدات، کە لە ساڵی (١٩٤٥) ئەو دوو دێڕەی بە هێڵی لار لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا نووسیوە. ئەوە دەڵێت، بەڵام لە بیریەتی، کە نابێت هەرگیز بە حەقیقەت بگەین. ئینجا ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕەخنەگرانی ئەو کتێبە هیچ کاتێ نەیانویستووە ئەو دوو دێڕە ببینن، بەڵکوو هەندێکیان گوتوویانە ئەو کتێبە خاڵییە لە ڕەوشت، یان لە تیۆریزەی ڕەوشت. هەندێکیشیان دەڵێن ئەو کتێبە دۆگماتیزمی هێناوە.

له کتێبی (گەڕان بە دوای جیهانێکی باشتردا)دا ڕەخنە لە چەمکی ڕێژەیی (Relativism)یش دەگرێت و پێی وایە ناپاکییە لە ئاستی حەقیقەت و مرۆڤایەتی (betrayal of reason and of humanity)دا، بگرە یەکێکە لەو تاوانانەی ڕۆشنبیران کردوویانن، کە مانای حەقیقەت و مانای یەقینیان تێکەڵ کردووە. هەر لە کتێبەدا خۆی وا دەناسێنێت، کە کەسێکی عەقڵانییە و باوەڕی بە عەقڵی مرۆڤایەتی هەیە. ئەگەر خۆی بە دوایین عەقڵانی دەزانێت، کە پاشماوەکەی مابێتەوە، ئەوە مەبەستی ئەوەیە بە ئاسانترین ڕێگەی زمان دەدوێت، وەک ئەوەی مامۆستای مەزن (بێرتراند راسێل) پێی دەدوا، چونکێ ئامانجی سادەیی زمان، ڕۆشنگەرییە، نەوەک پاوانخوازی.

لەگەڵ ئەوەیشدا زمانی (پۆپەر) ئەگەر سادەیە، وەک خۆی دەڵێت، مانای وا نییە ڕووکەشە، بەڵکوو بەوەدا بە مەبەستی ڕەخنەیەکی توند ڕۆ دەچێتە ناو بوارەکانی فەلسەفە، سایکۆلۆجیا، مێژوو، فیزیا، بایۆلۆجیا و ئەوانەی دیکەوە، ئەوە ئەم زمانە ئاستی زانراو جێ دەهێڵێت، بۆیە تێگەیشتنی بابەتەکانی، وردبوونەوەی قووڵ دەخوازێت. هەندێک لەگەڵ (گاستۆن باشولار)ی فیلۆسۆفی فرانسیدا بەراوردی دەکەن، بەوەی ئەویش فیلۆسۆفی عەقڵە، بەڵام من لە ڕێی خوێندنەوەی بەرهەمەکانیەوە (پۆول ڕیکۆر)م هاتووەتە بەر چاو، کە ئەویش بە شێوەیەکی چڕ مێژووی زانینی مرۆڤایەتی لە گریکەوە تا سەردەمەکەی بە سەر کردووەتەوە. دیارە ڕێگە و ئامانجی هەر یەکەیان لە هی ئەوەی تریان جیاوازن.

## پۆپەر و ڕەخنە لە مێژووگەرایی

لە بەشەکانی پێشوودا بە شێوەیەک لە شێوەکان بینیمان (پۆپەر) ددان بە ڕاستێتیی فەلسەفەی (پلاتۆ)، (هیگڵ) و (مارکس) دانانێت، بەوەی هەر یەکەی بە ڕێی خۆی پێی وایە ئەو یاسایانەی دۆزیونەتەوە، کە مێژوو دەبزووێنن و بەرەو ئەنجامی دیاریکراو (certainoutcomes) ئاڕاستەی دەکەن. لە دیدی ئەودا یاساکانی مێژوو لە هی سروشت (laws of nature) جیاوازن و ڕوانینێکی لەم شێوەیەی هی ئەوان لەسەر بنەمای دۆگماتیزم دامەزراوە، کە هەموو شتێک ڕەها دەبینێت، بگرە ملکەچی حەتمیەتە مێتافیزیکییەکانیان دەکات. ئەوان باوەڕیان وایە، کە دەکرێت هاوشێوەی بواری سروشتی لە بواری کۆمەڵایەتیدا پێشبینی بکرێت و بە ڕوونی بێتە دی، لە کاتێکدا (پۆپەر) بە توندی لە دژی ئەو باوەڕەدا دەوەستێتەوە، بۆیە دەیەوێت جینیالۆجیا بۆ فیکری سیاسیی هەر یەک لەو فیلۆسۆفانە بکات، کە ئەوە پێوەستە بە ڕەخنەی توند، بە مەبەستی هەڵتەکاندنی پایەی تیۆرییەکانیان. لە سەرەتای کتێبی (هەژاریی مێژووگەرایی)دا

دەنووسێت باوەڕهێنان بە چارەنووسی مێژوو، خورافەی ڕووت ( sheer superstition)ە، کە ناکرێت بە ڕێی زانستی و عەقڵی ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی پێشبینی بکرێت. بۆ نموونە لە دیدی (مارکس)دا دەتوانیت پێشبینیی شۆڕشی سۆشالیستی بکەیت، وەک ئەوەی لە زانستی ئەسترۆنۆمیی نیوتنی (Newtonian Astronomy)دا پێشبینیی خۆرگیران و مانگیران دەکرێت. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بە زانستی ساختە (pseudoscience) دادەنێت، کە تۆتالیتاریانیزم هان دەدات دەست بەسەر کۆمەڵگەدا بگرێت و تاکەکان بچەوسێنێتەوە. ئەو کتێبەی پێشکەش بە سەرجەم مرۆڤی جیهان کردووە، کە بوونەتە قوربانیی باوەڕی کۆمۆنیزم و فاشیزم. هەر لە پێشەکییەکەدا دەڵێت چەمکی ناباوی مێژوگەرایی (هیسترۆسیزم) خۆی دایهێناوە، تا بتوانێت لە ڕێیەوە ئەوەی پێ دەربرێت، کە مەبەستیەتی.

لەو کتێبەدا (پلاتۆ) بە باوکی ئەو باوەڕە میلیتاریستییە مۆدێرنە دادەنێت، کە نازیزمی ئەڵمانیا، فاشیزمی ئیتاڵیا، میلیتاریزمی ژاپۆن، ستالینزمی سۆڤیەتی پێ دەناسرێتەوە. ئەو فیلۆسۆفەی گریک لە پێناوی پاراستن و هێشتنەوەی دەوڵەتدا قوربانی بە تاک دەدات، کە ئەو تێگەیشتنە ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجیای تۆتالیتاریانیزم پێک دەهێنێت. لە کۆمارەکەیدا پاشا فیلۆسۆفەکان دەخاتە سەرەوە، کە بە هۆی سەربازی دەستەبژێر و بە یارمەتیی چینی فرەوانی کرێکاران دەپارێزرێن. ئەوانی هەمووشتزان لەو جیهانە ئایدیالەدا لە یاساکانی کۆمەڵگە دەزانن و هەر خۆیشیان پلانی سیاسەت دادەڕێژن. لێرەدا زانین بەرهەمی سروشت و کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو بە بوونەوەری ئایدیالییەوە پەیوەستە، کە لە دنیای ڕووت (ئەبستراکت)، واتە دنیای ئایدیالی ئەبەدیدا هەیە. بەپێی تیۆریی شێوەکان (theory offorms) شتەکانی دنیای مەتێریەل و هەستەکان لە گۆڕاندان، بەڵام لە دنیای ئایدیالدا وەک خۆیان پارێزراون، چونکێ ئەوەیان دنیای ڕاستینەیە و ئەوانەی دنیای هەستپێکراو وێنەی لاساییکەرەوەی ئەوانن. لەم دنیایەدا پێویستە تاک دەست لە ئازادیی خۆی هەڵبگرێت و ملکەچی سەرۆکەکانی ببێت، دەنا ئارەزووە نەگریسەکانی، کە بە کۆکردنەوەی سامان و دەستەڵاتەوە پەیوەستن، ململانێیان لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی نەمانی کۆمەڵگە. بەم شێوەیە (پلاتۆ) بەو ڕوانینە بەرزگەراییە خوداوەندییەی دژایەتیی ڕوونی خۆی بۆ بیرکردنەوەی ئازادیی تاک ڕادەگەیەنێت و بە ڕەوای دەزانێت تاکەکان بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، کە لە دیدی (پۆپەر)دا (پلاتۆ) نایەوێت ئەندامانی چینی ژێرەوە بگۆڕێن، بەڵکوو دەیەوێت هەر لەم دۆخەدا بمێننەوە، کە بەم شێوەیە مێژوو ملکەچی یاسای پۆلاین دەکات، بە جۆرێک مرۆڤ لە سایەیدا زەلیل ببێت. پێی وایە شتەکان چەسپاو و ڕاستین، کە هیچ گومان

هەڵناگرن. هەر لەو کتێبەدا، واتە لە (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)داپرسیاری (پێویستە کێ فەرمانڕەوایی بکات؟)ی (پلاتۆ) بۆ {چۆن دەتوانین دامودەستگەی سیاسی بە شێوەیەک ڕێک بخەین، کە ڕێ لە فەرمانڕەوا بەدەکان، یان فەرمانڕەوا دەستەپاچەکان (incompetent rulers) بگرین، زیانی زۆر بگەیەنن؟} دەگۆڕێت.

(پۆپەر) کاتێ دەگاتە لای (هیگڵ)، ڕەخنەکانی توندتر دەبن، کە لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا پێی وایە نوێنەرایەتیی ئەڵقەی ونبوو (missing link)ی نێوان (پلاتۆ) و فۆرمی مۆدێرنی تۆتالیتاریانیزم دەکات. زۆرینەی تۆتالیتاریەنە نوێیەکان (modern totalitarians) نازانن بۆچوونیان بۆ (پلاتۆ) دەگەڕێتەوە، بەڵام گەلێکیشیان دەزانن قەرزداری (هیگڵ)ن. بەم شێوەیە (هیگڵ) بە باوکی ئەو باوەڕە نەتەوەیییەیە دادەنێت، کە دواتر تۆتالیتاریانیزمی لێ بەرهەم دێت. گوتەگەلی وەک (گەل تەنیا بەوە خودی خۆی دروست دەکات، کاتێ جەنگ لە دژی گەلێکی دیدا هەڵدەگیرسێنێت)، (بیری گەلان ئەوپەڕی دەربڕینی خۆی لە دەوڵەتدا دەبینێتەوە، کە لە سەرووی هەموو ڕەوشت و دادپەروەرییەکەوەیە)، (تاک تەنیا ئامێرێکە لە خزمەتکردنی دەوڵەتی نیشتمانیدا)، (نکووڵی ناکرێت جەنگ لە پەرەسەندنی مرۆڤدا گرنگە) و هیی دیکەی لەم شێوەیە ڕۆڵی بەرچاویان لە هەردوو جەنگی گێتیدا بینیوە. ئەوانە بە شێوەیەک (پۆپەر) تووڕە دەکەن، کە لە (هیگڵ)دا مەترسیی گەورە ببینێت.

(هیگڵ) پێی وایە ڕووداوە مێژووییەکان ئامانجیان لە پشتەوەیە، ئامانجی عەقڵانی (rational aim)، کە عەقڵی گشتگیر هەڵیاندەسووڕێنێت. عەقڵی گشتگیر خواوەندە و دەستەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو ڕووداوانەدا هەیە، بۆیە چاکە و خراپە وەک یەک بەشداری لە بزوواندنی ڕەوتی مێژوودا دەکەن، لە کاتێکدا کارەکتەرەکانیش بە چاک و بە خراپیانەوە لەلایەن ئەو عەقڵە گشتگیرەوە ڕۆڵیان پێ دراوە. مێژوو بە شانۆی تراجیدی دەزانێت، نەوەک بە شانۆی بەختیاری، بەڵام هاوکات وای دەبینێت هەموو ئەو ڕووداوە تراجیدییانە بە ئاڕاستەی ئازادیدا دەجووڵێن. هەر لە سەرەتای کتێبی (فەلسەفەی مێژوو)دا ڕایدەگەیەنێت، کە مێژووی جیهان شتێک نییە، جگە لە پەرەسەندنی هۆشیاریی پێوەست بە ئازادییەوە. مێژوو بۆ ئەوە دەچێتە پێشەوە، تا بە ئازادیی زیاتر بگات. ئەو ڕووداوانە ئەگەرچی بۆ ماوەیەک وەک فاکتەری نەگەتیڤ لە مێژوودا دەردەکەون، بەڵام دواجار ڕۆڵ لە جووڵاندنی ڕەوتی ئەو مێژووەدا دەبینن و هۆشیاری دێننە ئاراوە، بۆیە پێی وایە مێژوو بوونەوەرێکە و گیانی لە بەرە، کە ئەو گیانە لە لایەک ئازادییەکەیەتی و لە لایەکی دیکەیش تێگەیشتنی ئەوە بۆ ئەو

ئازادییە. بەم شێوەیە ڕەوتی مێژوو بەرەو ئازادیی زیاترە، کە هەر ئەم ڕووداوە تراجیدییانەن ئەو ڕەوتە درێژە پێ دەدەن، بەڵام بەوەدا مێژوو گیانلەبەرە، تووشی وەستان، لادان، لێژی و هەورازی دێت، کە وەک گوترا لەوانەوە هۆشیاریی خۆی بە دەست دەهێنێت. دیارە ئەو تێگەیشتنەی (هیگڵ) دواتر بە گشتی دەکەوێتە بەر ڕەخنە، بەوەی سەروەریی (بیری مێژوو) بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی هاوچەرخدا کۆمۆنیزم و فاشیزمی بەرهەم هێنا، یەکەمیان وەک لایەنی عەقڵ و دووەمیان وەک لایەنی ناعەقڵ، بەڵام ڕەخنەی (پۆپەر) لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە ئەو ڕۆڵی گەورەی لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی داخراودا بینیوە، بەوەی پێی وایە دەوڵەت هەموو شتێکە و تاک هیچ نییە. تاک هەم لە ڕووی ماددی و هەم لە ڕووی ڕۆحییەوە قەرزداری دەوڵەتە، بۆیە نابێت هیچ ڕەخنەیەک لەو خوداوەندە بگرێت، مادام ئەو ڕەخنەیە وەک ئەوە وایە ناتەواوێک لە تەواوێکی گرتبێت. ئەوە دەوڵەتە تاک و هەموو شتێکی دیکە لە خۆی دەگرێت، نەوەک تاک بێت دەوڵەتلە خۆی بگرێت. تاک بەو ملکەچییەی بەشداری لە بەدیهێنانی دادپەروەریدا دەکات، کە بە شێوەیەکی ڕەها لە دەوڵەتدا بەرجەستەیە. (پۆپەر)بەشی پانزدەی کتێبی (گریمانەکان و پووچەڵکردنەوەکان: گەشەی زانستی زانین)ی بۆ چەمکی دایەلەکتیک تەرخان کردووە و لە ژێر چوار ناونیشانی وەک (دایەلەکتیک چییە؟: What is Dialectic?)، (ڕوونکردنەەی دایەلەکتیک: Dialectic Explained)، (دایەلەکتیکی هیگڵییانە: Hegelian Dialectic) و (دایەلەکتیک پاش هیگڵ: Dialectic After Hegel)دا تاوتوێی دەکات. لەوێدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سێکوچکەی دایەلەکتیک (dialectic triad) دەدات و بە داخراوی دەزانێت، کە لەسەر بنەمای تێز (thesis)، دژەتێز (antithesis) و ئەنجام، یان (synthesis) دامەزراوە. سەرەتا بیرۆکەیەک، یان بیردۆزێک، یان جووڵەیەک هەیە، کە پێی دەگوترێت تێز و زۆرینەی کات دژەکەی بەرهەم دێنێت، چونکێ وەک نزیکەی هەموو شتەکانی دیکەی دنیا خاوەنی بەهای سنووردارە و خاڵی لاوازی هەیە، کە ئەوەیان بە دژەتێز ناسراوە، چونکێ دژی ئەو تێزەیە. ململانێی ئەو دووانە بە ئەنجامێک دەگات، بەو مانایەی ددان بە بەهای یەکتردا دەنێن و دەست لە سنووردارکردنی یەکتر هەڵدەگرن. بەم شێوەیە هەردووکیان لە ڕایەڵێکی دیکەدا یەک دەگرن، تا لەگەڵ دژەتێزێکی دیکەدا بکەونە ململانێیەوە. لەم ڕوانگەیەوە زانست و زانین بەپێی ئەو پرینسیپە گەشە دەکەن. لێرەوە ڕوانینی بۆ مێژوو لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە هەر قۆناغێکی نوێ لە ڕێی ئەو ململانێیەوە دێتە دی، کە بەرهەمی دژایەتی و ڕەتکردنەوەی قۆناغی پێشووە. مێژووی جیهان بریتییە لە دەرخستنی ئەوەی بە ڕۆح ناسراوە، کە لە ڕێی دایەلەکتیکەوە بەرهەم دێت. وەک گوترا (هیگڵ) پێی وایە مێژوو چارەنووسێکی حەتمی (predetermined)ی هەیە و تێکڕای مرۆڤایەتی هەر

لە سەرەتاوە بەرەو ئەو چارەنووسە بە ڕێوەیە. لێرەدا دوو خاڵی بنەڕەتی هەن: یەکەم، ململانێیەک، کە زنجیرەیەک قۆناغ دەبڕێت. دووەم، هەر ڕووداوێک هۆکاری هەیە. واتە ئەو دوو خاڵە ناوەرۆکی حەتمیەتی مێژوو پێک دەهێنن. ڕەگەزەکانیشی دەوڵەت، جەنگ و پاڵەوانی مەزنن. ڕەوشتی بەرزی تاک لەوەدایە لە پێناوی سەروەریی دەوڵەتدا بجەنگێت و پاڵەوانبازێتیی نموونەییی خۆی پێشان بدات. لە بەشی (دایەلەکتیکی هیگڵییانە)دا دەڵێت فەلسەفەی (هیگڵ) تایبەتە بە شوناس، کە بە فەلسەفەی شوناسی عەقڵ و ڕاستینە ( philosophy of the identity of reason and reality) ناسراوە، یان ئەگەر کورت بکرێتەوە، دەبێتە فەلسەفەی شوناس (philosophy of identity)، کە دەڵێت عەقڵ دنیایە ( the mind is the world)، بەوەی مەعقووڵ ڕاستییە، چونکێ ڕاستینە و عەقڵ هاوڕێکن (the reasonable is the real; because reality and reason are identical). واتە فیکر بە حەقیقەتەوە پێوەست دەکات. هەر شتێ فیکر نەبێت، حەقیقەتیش نییە و ئەوەی فیکر دەرک بە قووڵاییییەکەی ناکات، دەکەوێتە دەرەوەی بواری ئەپستمۆلۆجییەوە. بە مانایەکی دی، پێی وایە، ئەوەی فیکرییە واقیعییشە، ئەوەی واقیعییە فیکرییشە. بەم شێوەیە حەقیقەت خەسڵەتی کۆتاییانەی هەیە و ڕۆحیش، کە هاوواتای عەقڵە، سەرچاوەی هەموو حەقیقەتەکانە. ئەو ڕوانینەی (هیگڵ) لە چەمکی دەوڵەتدا ڕەنگ دەداتەوە، کە بەرژەوەندیی بەش بە لاوە دەنێت و بەرژوەندیی کۆ دەخاتە سەرووی هەموو شتێکەوە. ئەوە وا دەکات (پۆپەر) بە تۆتالیتاریەنی بزانێت، بەوەی شوناسی تاکەکان لەناو ئەو گشتەدا دەشارێتەوە.

(پۆپەر) لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا پشتگیریی خۆی بۆ (شۆپنهاوەر) دەردەخات، کاتێ گوتوویەتی (هیگڵ) (لە پیاوێکی فریودەر زیاتر، شتێکی دی نییە، کە توانیویەتی نەوەیەک بە تەواوی بشێوێنێت). خۆیشی بەوە تۆمەتباری دەکات، کە مرۆڤێکی بێباکە و لە پێناوی خزمەتکردنی (فریدریکی سێیەم)دا، ویژدانی خۆیی فرۆشتووە. شۆڕشگێڕیش نییە، بەڵکوو چەوسێنەرە. دەسا ئەگەر ئەنجامی فەلسەفە وێرانکەرەکەی نەبووایە، هەر بە شایەنی ئەوەی نەدەزانی لێی بکۆڵێتەوە، کە ئەوە وای لێ دەکات بپرسێت چەند ئاسانە قەشمەرێک ببێە دروستکەری مێژوو ( how easily a clown may be a ‘maker of history’).

ئەمجارەیان ڕەخنەی (پۆپەر) ئاڕاستەی (مارکس) دەکرێت. فەلسەفەی ئەو لەوەدا بەرجەستەیە، کە سەرمایەداری قۆناغێکە و دەبێت وەک قۆناغەکانی پێش خۆی تێبپەڕێنرێت، چونکێ لە سایەیدا دۆخی کرێکار ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێت،

بۆیە بەم شێوەیە ڕووخانی خۆی لە کۆڵ کردووە. واتە مێژوو بەپێی پرینسیپی حەتمیەت هەر بەو شتانە دەگات، کە زانینی مرۆڤ پێشبینییان دەکات، لە کاتێکدا (پۆپەر) پێی وایە ڕەوتی مێژوو بە شێوەی بەرچاو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زانینمانەوە. بەوەدا ناتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین ئەو زانینەمان بە کوێ دەگات و چەند گەشە دەکات، ئەوە سەختە پێشبینیی مێژوویشمان بکەین. کۆمەڵگەی داخراویش بەرهەمی ئەم تێگەیشتنەیە، کە ڕاستییەکەی ئەو کۆمەڵگەیە لە بوونەوەرێکی ئۆرگانیکی بایۆلۆجی دەچێت و تا ڕادەیەکی زۆریش تیۆریی ئۆرگانی، یان تیۆریی بایۆلۆجیی دەوڵەت (organic theory of the state)ی لەسەر جێبەجێ دەبێت. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی داخراو لە مێگەل، یان خێڵ دەچێت، بەوەی یەکەیەکی نیمچە ئۆرگانیکە و ئەندامانی بە شێوەی نیمچەبایۆلۆجی پێک بەستراونەتەوە. لە دیدی (پۆپەر)دا (مارکس) یەکێکە لە دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی باوەڕی بە حەتمیەتی مێژوو هەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیش عەقڵی ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی خستووەتە خزمەتی بیرۆکەی پێشبینیی ئاییندەوە، گۆیە ڕێگەیەکی زانستییانەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. لەبەر ئەوەیشە پەنا بۆ شۆڕش دەبات، لە کاتێکدا لای (پۆپەر) شۆڕش ئاشووب و گێرەشێوێنی دەهێنێت. (پۆپەر) خۆی باوەڕی بە گۆڕانی هێواش هەیە. پێی وایە (مارکس) لە لایەک یۆتۆپیا دادەمەزرێنێت، بەوەی مژدەی کۆمەڵگەیەک دەدات، تێیدا جیاوازیی چینایەتی نەماوە و مرۆڤەکان یەکسان دەژین، لە لایەکی دی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەسەپێنێت، کە بینرا چ ستەمێکی گەورە لە ژێر ئەو ناوەدا لە مرۆڤ کرا. کەواتە تیۆرییەکی گشتگیرییانەی مێژووە. لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا دەگاتە ئەوەی بڵێت پێویست ناکات لێکدانەوەی (مارکس) بۆ مەتێریەلیزمی دایەلەکتیک بە هەند وەربگرین، بەڵکوو دەکرێت وا لێی بڕوانین پێشنیازێکی بەهادارە و لەوەدا یارمەتیمان دەدات، کاتێ لە شتەکان دەڕوانین، بزانین ئەوانە پاشخانی ئابوورییان هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ڕەخنەیەی لە (مارکس)ی دەگرێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی (هیگڵ)دا، سووکترە، بەوەی ددانی پێدا دەنێت، (مارکس) لە پێناوی مرۆڤی چەوساوەدا کاری کردووە و ئەوەیش لە بەرچاو دەگرێت، کە ڕاڤەی ئەو بۆ کۆمەڵگەی سەدەی نۆزدەم، بایەخدارە، بگرە هەوڵی داوە پەنا بۆ مێتۆدی عەقڵانی ببات.

ڕەخنەی توندی (پۆپەر) لە ئاڕاستەی مێژووگەرایی لە سنووری ئەو سێ فیلۆسۆفەدا ناوەستێت، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو ئاڕاستانەیش دەپەڕێتەوە، کە ئەوان تێیدا کاریگەرن. لێرەوەیە (فێرگەی فرانکفۆرت)یش پرپشکی ئەو ڕەخنەیەی بەر دەکەوێت، بەوەی هەر لە سەرەتاوە بە (هیگڵ) و (مارکس)

سەرسامن. بۆ نموونە لە کۆنگرەی کۆمەڵناسانی ئەڵمان لە ساڵی (١٩٦١)دا بەشدار دەبێت و ڕووبەڕووی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ)ی هیگڵی و مارکسی دەبێتەوە. لە کتێبی (ناکۆکی پۆزیڤیستەکان لە کۆمەڵناسیی ئەڵماندا: The Positivist Dispute in German Sociology)دا، کە لەم ناوانە: (تیۆدۆر ئادۆرنۆ، هانس ئەلبێرت، ڕالف داریندرۆف، یۆرگن هابرماس، هارالد پیلۆت و کارڵ ر. پۆپەر) پێک هاتووە و (گلین ئەدێی: Glyn Adey) و (داڤید فریسبی: David Frisby) بۆ ئینگلیزی وەریانگێڕاوە، (پۆپەر) باس لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی خۆی و ئەندامانی ئەو فێرگەیە دەکات. دەڵێت تێزی خۆی بە شێوەیەک داڕشتووە، کە سەخت بووە هیگڵی و مارکسییەکی وەک (ئادۆرنۆ) پەسەندی بکات. ڕاستییەکەیشی ڕەخنەی لە دایەلەکتیک گرتووە. کار بەوە گەیشتووە (ڕالف داریندرۆف)ی کۆمەڵناس نائومێدیی خۆی ڕابگەیەنێت، کە دوو تەوەرەی دژبەیەکی بواری کۆمەڵناسیی لەم کۆنگرەیەدا بانگهێشت کردووە و ئەم ململانێیە ئایدیۆلۆجییەی لێ کەوتووەتەوە. (پۆپەر) خۆی بەشی سێیەمی کتێبی (ئەفسانەی چوارچێوە)، کە ناوی ناوە (عەقڵ یان شۆڕش) بۆ ئەو باسە تەرخان دەکات. دەڵێت دەمەوێت مێژووی ئەو کتێبە و ناونیشانە فریودەرەکەی بگێڕمەوە. ساڵی (١٩٦٠) بە مەبەستی گفتوگۆ لەبارەی (لۆجیکی زانستی کۆمەڵایەتی)یەوە بانگهێشت دەکرێت. پێی ڕادەگەیەنرێت (ئادۆرنۆ)ی پرۆفیسۆری فرانکفۆرتی لەبارەی باسەکەی ئەوەوە قسەی دەبێت. ئەوە بوو وەک پێشتر گوترا لە (١٩٦١)دا بەشدار دەبێت. دیارە پێویست نییە ئێمە لێرەدا هەموو ئەو شتانە بنووسینەوە، کە (پۆپەر) دەیانگێڕێتەوە، چونکێ باسێکی سەربەخۆی دەوێت، بەڵام گرنگە بگوترێت، کە ئەم دەڵێت هەوڵی داوە باسەکەی بە بەڵگەی تۆکمە بخاتە ڕوو، بە شێوەیەک ئەوێکی هیگڵی و مارکسی نەتوانێت پەسەندی بکات، لە کاتێکدا ئەم، واتە (پۆپەر) بەهایەکی گەورەی بۆ ئەندامانی فێرگەی فرانکفۆرت لە چەشنی (ئادۆرنۆ)، (هۆرکهایمەر)، (هابرماس) و ئەوانەی دی دانەناوە، بەڵکوو تەنیا ویستوویەتی لە بواری سیاسەتدا ئاوڕیان لێ بداتەوە. هەر لەوێدا (هابرماس) هێرش دەکاتە سەر (پۆپەر) و بە فیلۆسۆفێکی پۆزیتیڤیستی دادەنێت، کە لەگەڵ ئەوەدایە دۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بە مەرجێ (پۆپەر) خۆی لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا ڕەخنەی توندی لە پۆزیتیڤیزم گرتووە و فەلسەفەی (هیگڵ)ی لە ژێردا ناونووس کردووە. وەک گوترا پێی وایە ناونیشانی کتێبەکە، (ناکۆکی پۆزیڤیستەکان لە کۆمەڵناسیی ئەڵماندا)، فریودەرانەیە.

## پۆپەر و کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی

هەموو ئەوانەی لەم بەشانەی سەرەوەدا گوتران، لەبارەی کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراوەوەن. واتە بۆچوونی (پۆپەر) لەبارەی ئەو دوو چەمکەوە تەنیا بریتی نییە لەو کتێبەی ناوی ناوە (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)، کە لە ساڵی (١٩٤٥)دا چاپی کردووە، بەڵکوو سەرجەم بەرهەمەکانی، بە گفتوگۆکانیشیەوە تایبەتن بەو دوو چەمکە. مەبەستیەتی لە ڕێی ئەو کتێبەوە چارەسەر بۆ لیبرالیزم بدۆزێتەوە، کە ئەودەم بە هۆی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم، نازیزم و فاشیزم کەوتبووە بەر هەڕەشە. ئەو کۆمەڵگەی کراوە وا دێنێتە بەر چاوی، کە ڕووبەرێکی ئازادە و تێیدا تاک ناکرێتە قوربانیی ئایدیۆلۆجیای تۆتالیتاریانیزم، بەڵکوو هەموو ئازادن و دەتوانن ڕەخنە لە هەر دامودەستگەیەکی دەوڵەت بگرن. ئەوان مافی پرسیار و ڕەخنەیان هەیە. ڕێیان دراوە هەر دەستەڵاتێک بدەنە دواوە، ئینجا ئەو دەستەڵاتە بە میرات ماوەتەوە، یان لە ڕێی پرۆسێسی سیاسییەوە هاتووە. بەوەدا پانتاییەکی فرەوانی بۆ ڕەخنە جێ هێشتووە، کۆمەڵگەیەکی دینامیکییە، بەو مانایەی لە ڕێی پرینسیپی هەوڵ و هەڵەوە گەشە دەکات. گۆڕانەکەی سروشتییە و بە شێوەی هێواش ڕوو دەدات. بە مانایەکی دی، گۆڕانکاریی ڕیشەیی دەداتە دواوە. شۆڕش و کودەتاکان لەم کۆمەڵگەیەدا شوێنیان نییە، بەوەی تەنیا ئاشووب و گێرەشێوێنی دەهێنن، وەک چۆن لە ئاستی ئاڕاستە ڕەگەزپەرستییەکانیشدا بەرگری دەکات. واتە باوەڕی بە ئەندازەی پارچەپارچەی کۆمەڵایەتی (Piecemeal social engineering) هەیە، بەو مانایەی ڕیفۆرمی دامودەستگەکانی کۆمەڵگە لە ڕێی پلانەوە بکرێت، زانست پشتیوانیی بکات و ڕەخنە تێیدا چالاک ببیت، پێچەوانەی ئەندازەی گشتگیرییانەی کۆمەڵایەتی (holistic social engineering)، کە دەیەوێت بە زۆر و خێرا دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێت، کە پێی وایە ڕێیەکی یۆتۆپییانەیە و هەڵەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. لە کۆمەڵگەی کراوەدا هیچ پێشبینییەک لەسەر بنەمای تیۆرییە نازانستییەکان بۆ ئایندە ناکرێت. لەو کتێبەدا بەرگری لە بنەماکانی دیمۆکراتیزم و لیبرالیزم کراوە، کە زەمینە بۆ گۆڕانکاریی هێواش خۆش دەکەن و ڕێگرن لە خوێنڕشتن. کۆمەڵگەی کراوە وەک کۆمەڵگەی داخراو نییە، تەنیا یەک بۆچوون تێیدا زاڵ ببێت، بەڵکوو گفتوگۆ لەبارەی هەموو کێشەکانەوە دەکرێت و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدرێت، کە ئەمە هەر خۆی توانای تاکەکان دەتەقێنێتەوە و داهێنانی لێ دەکەوێتەوە.

❋ ❋ ❋ ❋

لەم نووسینەدا مەبەستمان نەبووە ئەوە دەربخەین، ئاخۆ ئەو ڕەخنانەی (پۆپەر) ئاڕاستەی فیلۆسۆفانی دیکەی کردوون، دروستن، یان نادروست، لە کاتێکدا کەم نین، ئەوانەی ڕەخنەی توندیان لە فەلسەفەکەی گرتووە، بەڵام ئێمە لێرەدا بە لای ئەو باسەدا نەچووین، بەڵکوو مەبەستی سەرەکیمان ناساندنی فیکری ئەو بووە، تەنانەت نەمانویستووە وەک توێژینەوەیەکی فەلسەفەکەی بیخەینە ڕوو. هەوڵی ناساندیمان داوە، تا لەوێوە بڕوانینە ئەو پەرەگرافەی (ئارام کاکەی فەلاح) و بزانین، ئاخۆ کەموزۆر پێوەندیی بەو فەلسەفەیەوە هەیە. ئەگەر لە ئاییندەدا پێویستی کرد، بە خۆشحاڵییەوە بۆی دەگەڕێینەوە. خاڵێکی دیکە گرنگە، هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، کە ئەویش، ئەوەیە، (پۆپەر) لە ڕووی پرینسیپی پووچەڵکردنەوە، یان بەدرۆخستنەوەوە لەو فیلۆسۆفانەی ڕوانیوە، دەنا سەرسامیی خۆی بە ئاشکرا، یان بە ئاماژە بۆ هەر یەکێکیان دەربڕیوە. سروشتی فەلسەفە وایە، کە ئاڕاستەی قووڵ و جیاواز لە فیکری مرۆڤایەتیدا پێک دەهێنێت، بە ڕادەیەک ئاڕاستەکان چەند دژی یەک بن، هێشتا بەشداریی ئەو ئاڕاستە جیاوازانە دەمێنێن و لە کۆنتێکستی دیکەدا دەردەکەونەوە. بۆ نموونە فەلسەفەی فیلۆسۆفێکی وەک (مارکس) دوای ڕەخنەکانی (پۆپەر)یش هێشتا توانای خۆی لە دەست نەداوە. تا ئەمڕۆیش (هیگڵ) بە هێزێکی گەورەوە لەناو فیکری فیلۆسۆفانی دیکەدا ئامادەیە. ئەوە بۆ (فرۆید)، (ئەدلەر)، (ئادۆرنۆ) و ئەوانەی دیکەیش هەر دروستە. ئەوە فیکری میللی و زمانی میللین ناتوانن شتێکی جیاواز لەوەی هەیە، دەرببڕن. ئێمە ئەگەر جاروبار نموونەیان لێ دەهێنینەوە و لەسەریان هەڵوێستە دەکەین، لەبەر ئەوەیە بوونەتە بەشێک لە کەلتووری بیرکردنەوەی گشتی، دەنا لەبەر ئەوە نییە ئاڕاستەی جیاوازن و لە ڕێی هەوڵەوە پێ گەیشتوون. بەو مەبەستەیش ڕووبەڕوویان دەبینەوە، تا نەک خۆیان، بەڵکوو ئەو دۆخەیش تێبپەڕێنین، کە ڕایگرتوون. (ئارام کاکەی فەلاح) وێنەی زۆرینەی نووسەرە میللییەکانی دیکە ئەوانەی گوتوون، کە هەر کەسێکی تریش، بێ ئەوەی وەک ڕۆشنبیر خۆی ناساندبێت، دەتوانێت بیانڵێت، بەڵام بەوەدا دامودەستگەی کۆمەڵایەتیی لە شێوەی گۆڤار، ڕۆژنامە، تیڤی و هیی دیکە هەن و ئەو وشە ڕووکەشانە دادەڕێژنەوە، کە هەمان قسەی خەڵکی ئاسایین، بەو مەبەستەی وەک شتی جیاواز پێشانیان بدەن، ئەوە دەکرێت لە ڕێی مێتۆدی پرسیارەوە ڕووبەڕووی خۆیان و ئەو دامودەستگە کۆمەڵایەتییانەیش ببینەوە، کە برەویان پێ دەدەن. لەم نێوەدا نووسەری و میللی و ڕەخنەگری میللی هاوپەیمانێتییان پێک هێناوە، تا لە لایەک یەکتر لە ئاستی ڕەخنەدا بپارێزن و لە لایەکی دی بە یەکدا هەڵبڵێن. دیارە تۆ کاتێ دەتەوێت شتی ڕووکەش تێبپەڕێنیت،

ئەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو ڕووکەشییە لە زمان و مێتۆتدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام مادام دەست لە ویستی تێپەڕاندن هەڵناگریت، ئەوە بوارێک دەڕەخسێنیت بۆ گوتنی شتی جیاواز، بە مەرجێ ئەو چەمکانە هەڵبگریتەوە، کە فڕێ دراون، بەو مەبەستەی لە ڕێی دایەلۆگەوە ڕایەڵەکانیان بدۆزیتەوە و ڕەهەندەکانیان دەربخەیت، بە شێوەیەک نەهێڵیت ئەو نووسەرە فڕێدەرە (thrower) بۆ هەمان ئاستت بباتەوە، بەو مانایەی ئەو تەنیا کاتێ بتوانێت بۆ ئەو چەمکە بگەڕێتەوە، کە بیەوێت ئەوەی تۆ تێبپەڕێنێت، نەوەک ئەوەی خۆی پاتە بکاتەوە. لێرەدا من خۆمم لە ئاستی تێکستێکدا بینیوەتەوە، کە نووسەرەکەی بە هەمان زمانی خەڵک، بەڵام فریودەرانە دەیەوێت پێم بڵێت (پۆپەر)ی نەک ناسیوە، بەڵکوو فەلسەفەکەی ئەو لە پاڵ هیی فیلۆسۆفانی دیکەدا زۆر شتی فێر کردووە، لە کاتێکدا ئەوەی نایبینین، ئەو فیلۆسۆفە و کاریگەریی فەلسەفەکەیەتی. ئەگەر لە ماوەی ئەو سێ دەیەی ڕابردوودا فەلسەفەی (پۆپەر) بووبووایەتە ئاڕاستەیەک لە ئاڕاستەکانی فیکری ئێمە، ئایا ئەمڕۆ کاریگەرییەکەیمان نەک لەسەر ئاستی نووسین، بەڵکوو لەسەر ئاستی واقیعیشدا نەدەبینی؟ ئایا خوێندنەوەی فەلسەفەی (پۆپەر) وامان لێ ناکات دەست لە فڕێدانی چەمک هەڵبگرین؟ ئایا ڕێگر نییە لەوەی بە ئاسانی بۆچوونی نووسەرانمان بەسەردا تێبپەڕێت؟ ئایا دەهێڵێت دەست بە خورافەوە بگرین، لە کاتێکدا دنیای نووسینمانی داپۆشیوە؟ ئایا نووسینی ئەو نووسەرە بەناوبانگ و دیارانە کاتێ دەخرێنە بەردەمی تاقیکردنەوەوە، دەردەچن؟ ئایا بەشێکی زۆری نووسینی ئەوانە لە ماوەی سی ساڵدا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر عەقڵی ئێمەدا جێ هێشتووە؟ لە کاتێکدا (پۆپەر) لە ڕێی ڕەخنەی عەقڵانییەوە ڕووبەڕووی سەرجەم فیکری فەلسەفی بە گشتی و ئاڕاستەی مێژووگەرایی بەتایبەتی دەبێتەوە، کە لە (پلاتۆ)، (هیگڵ)، (مارکس) و ئەوانەی دیکەدا بەرجەستەیە، ئایا لەو سێ دەیەیەدا فیکری ڕەخنەیی لەناو نووسینماندا دەرکەوتووە؟ ئایا ئەو گومانە چڕەی (پۆپەر)، کە دەگاتە ئەوەی تیۆریی سایکۆلۆجیی (فرۆید)، (ئەدلەر) و ئەوانەی دیکە بە نازانستی بزانێت، وای لە ئێمە کردووە پرسیار لەو تێگەیشتنەی نووسەرانمان بکەین، ئاخۆ داهێنەرانەیە وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، یان هەمان فیکریی میللییە و بەو چەمکە فڕێدراوانە ڕازێنراوەتەوە؟ ئایا بە گشتی لە لای ڕۆشنبیری ئێمە هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگەی کراوە هەیە؟ ئایا بەشێکی زۆریان دوای پڕۆژەی سیاسەتمەداران، یان فەرمانڕەوا دەستەپاچەکان (incompetent rulers) بە دەربڕینی (پۆپەر)، نەکەوتوون؟

لێرەدا بۆ پرسیارەکانی تەوەرەی یەکەمم دەگەڕێمەوە و هەندێکی دیکەیشیان دەخەمە پاڵ. ئەگەر (ئارام کاکەی فەلاح) بە ڕاستی ئەو نووسەر و فیلۆسۆفانە

دەناسێت و بەرهەمەکانی خوێندوونەتەوە، بۆچی هێشتا زمانی نووسینەکانی هێندە سادەن؟ لەبەر چی کاریگەریی بۆچوونی ئەو نووسەرانەی بەسەرەوە نابینین؟ ئایا تازەبەتازە دەڵێت فلان ڕۆمانم خوێندووەتەوە و گریاندوومی؟ کوا ڕەخنەی عەقڵانیی (پۆپەر) و کوا شەپۆلی گومانی؟ وەک لە سەرەتادا گوترا ئایا ئەگەر بۆ بەرهەمەکانی بەر لەم گوتوبێژەی بگەڕێینەوە، هیچ ئاماژەیەک دەبینین، کە پێشانی بدات ئەو خوێنەری فەلسەفە بە گشتی و هیی (پۆپەر)ـە بە تایبەتی؟ ئایا خوێنەری سەرەتاییش لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ئەودا تووشی بەربەست دەبێت، یان وەک هەر تێکستێکی دیکەی فۆلکلۆری لێیان تێدەگات؟ ئایا دەتوانم وەک خوێنەرێک داوای لێ بکەم بە ئارەزووی خۆی یەکێ لەو نووسەر و فیلۆسۆفانە هەڵبژێرێت و چەند دێڕێکیان لە بارەوە بنووسێت؟

لێیان پرسیوە: (تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟) ئەمە وەڵامەکەیەتی: {پیاوان تایبەتمەندیی باشەیان زۆر کەمە و لای من پیاو بوونەوەرێکی زۆر مشەخۆر و خۆویست (ئەنانی) و نەگبەتە، هەرچی نەگبەتیی ئەم گۆی زەوییەیە هی پیاوانە و تەواو دونیای خۆرهەڵاتیان داگیر و ناخۆش کردووە، بەڵام بەختەوەرە ئەو کەسەی باوکێکی باش، یان بە ڕێکەوت مێردێکی باش، یان برایەکی باشی هەیە، ئەوەیان شتێکە ئینسان ناتوانێ لە کەسی بسەنێت. وەک یانسیب وایە}.

دوای ئەوە وەڵامی پرسیاری (تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟) دەداتەوە و دەڵێت: (ڕاستت بوێ ئەم دونیایە ژن ڕایگرتووە، بە جوانی و میهرەبانی و ناسکیی خۆیەوە هەموومانی بەم دونیایەوە بەستووەتەوە، گەر ژن نەبووایە دونیا دەبووە چایخانەیەکی گەورەی پڕ لە دووکەڵ و قیژەقیژ).

وەک پێشتر گوترا گوتوویەتی زۆر شت لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی)ی (کارڵ پۆپەر)ەوە فێر بووە، لە کاتێکدا ئەوانەی گوتوون، بە مەرجێ کەسێ چەند دێڕێکی ئەو فیلۆسۆفەی خوێندبێتەوە، قوڵێنگەکانی دەناسێت و دەزانێت ئەوە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەوە. وەک گوترا (پۆپەر) بەشی زۆری تەمەنی بۆ تێکشکاندنی پرینسیپی ئیندەکشن تەرخان کرد. ئەو نووسەرەی ئێمە لە چ ڕێیەکەوە بۆی دەرکەوت ژن و پیاو بەو خەسڵەتانە دەناسرێنەوە؟ لە ڕێی سەرنج و ئەزموونەوە، کە تێکرای ڕەخنەی (پۆپەر) لەوانەیە. وەک گوترا ئەو دووانە شتی سەرەکی نین لە پێکهێنانی تیۆریدا، بەڵکوو تەنیا یارمەتیدەرن. لە قۆناغی ئامادەییدا ئەوەمان دەزانی، چونکێ ئەلفبێی فەلسەفەی ئەو فیلۆسۆفەیە. کوا گریمان و قەبڵاندن؟ کوا پرینسیپی هەوڵ و هەڵە؟ چەمکی پووچەڵکردنەوە، یان بەدرۆخستنەوە بۆچی دیار نییە؟ ئەگەر یەک ژنمان

دۆزییەوە وەک پیاو بە لای دووکەڵ و قیژەقیژدا چوو، ئەودەم ئەو گریمانەیەی تێک دەشکێت و هەڵناستێتەوە، هەتا ئەگەر بێژمار پیاوی تر بە نموونە بێنێتەوە. گوتمان (پۆپەر) نموونە بە مەلی قولینگ دێنێتەوە، کە دەگوترێت هەموویان سپین، بەڵام کاتێک ڕەنگێکی دیکەمان دەست دەکەوێت، ئەوە تێکڕای ئەو بەڵگانەی بۆ ئەوە دەهێنرانەوە، گۆیە تەنیا قولینگی سپی هەیە، بەو دانەیە پووچ دەبێتەوە. بەکورتی هەزار قولینگی سپی ناتوانن بیسەلمێنن سەرجەم قولینگەکان سپین، بەڵام یەک قولینگی ڕەش دەتوانێت (یاسای گشت قولینگەکان سپین) بە درۆ بخاتەوە، یان پووچەڵ بکاتەوە.

دابەشکردنی ژن و پیاو بۆ دوو بەرەی جیاوازی دژبەیەک، پێوەندیی بە دوالیزمەوە هەیە، کە هەر دەبێت شتەکان لە یەک جودا بکاتەوە، تا بە ئاسانی سەری لێیان دەربچێت و وەسفیان بکات. ئایا هەموو ئەو خەسڵەتە خراپانەی داونیەتیە پاڵ پیاو، ناکرێت لە هەندێک ژنیشدا هەبن، بە لاکەی دیکەیشدا ناکرێت هەموو ئەو خەسڵەتانەی بۆ ژنی ڕیز کردوون، لە هەندێک پیاویشدا دەربکەون؟ ئەم گوتانە نوێ نین، بەڵکوو بەردەوام لە ئاستی میللیدا گوتراوە ژنان خراپ و پیاوان باشن، یان پیاوان بەد و ژنان چاکن. من خۆم زیاتر لە جارێک گوتوومە ژن لە دنیای مندا هەموو ئەو شتانەی لە دەست دێت، کە پیاوی پێ دەناسرێتەوە. وەک پیاو دەتوانن تاوان بکەن و وەک پیاویش نەیکەن. ئەگەر ژنان و پیاوان بەو شێوەیەیەن، لە تێگەیشتنی گشتیی میللیدا هەیە و (ئارام کاکەی فەلاح)یش لێی وەرگرتووە، مانای وایە هیچ ویستێکی خۆیانی تێدا نییە، کە ئاوان، بەڵکوو هەر لە ئەزەلەوە وا هاتوون. ئەوە نەک هەر بەرگریکردن نییە لە ژن، بەڵکوو کەمکردنەوەی بەهایشیەتی. من کاتێ بە ڕاستی دژی کوشتنم، کە توانای ئەوەم هەیە بیشکوژم. واتە هەردوو هەڵبژاردەم لە بەردەمدان و خۆم یەکێکیان هەڵدەبژێرم، دەنا کاتێ سەرچاوەیەک پێی گوتووم نابێت بکوژم، یان توانای ئەوەم نییە بکوژم، یان نامەوێت ڕووبەڕووی سزا ببمەوە، بۆیە ناکوژم، ئەوە من کۆیلەم و ئەوەی دەیکەم، تەعبیر نییە لە ویست (will)م. (سۆرێن کیەرکەگۆرد)ی فیلۆسۆف و تیۆلۆجن (Theologian) ئەوە لە ڕێی هەردوو چەمکی (ڕەوشت) و (نیگەرانی)یەوە لێک دەداتەوە. پێی وایە ئەوەی شێوازی ژیانی تاک دیاری دەکات، هەڵسوکەوتیەتی، کە هەر ئەمەیشە دەیخاتە بەردەمی هەڵبژاردنی ئەوەی دەیەوێت. بەم شێوەیە بڕیاردان لە لایەک پێوەندیی بە ڕەزامەندیی خود (self-gratifying) و لە لایەکی دیکە بە ڕەوشت (Ethical)ەوە هەیە. واتە تاک خاوەنی ئازادیی تەواوە لەوەی چی هەڵدەبژێرێت، کە هەر ئەوەیشە بڕیارەکانی دیاری دەکات، بەڵام ئەوە هاوکات لەگەڵ خۆیدا نیگەرانی دەهێنێت. وەختێ کەسێک لەسەر لووتکەی شاخێکدا دەوەستێت و بۆ

خواری خوارەوە دەڕوانێت، دوو جۆر ترسی لا دروست دەبن، ترس لە کەوتن و ترس لەوەی هۆکارێک پاڵی پێوە بنێت خۆی هەڵبدات. ترسی دووەمیان لەوەوە دێتە کایەوە، کە ئازادیی تەواوی هەیە چی هەڵببژێرێت. واتە خۆی هەڵبدات، یان نا؟ خۆی ئەو بڕیارە دەدات و یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، کە ناوی (سەرەسوورەی، یان ماخۆلانی ئازادی:dizziness of freedom)ی لێ دەنێت، بەوەی دوودڵە کامیان هەڵببژێرێت. واتە تاک بوونێکی مۆڕاڵیی هەیە. پێی وایە نیگەرانی حەقیەتی ئازادییە، بەو مانایەی نیگەرانی بەو شتەوە پێوەستە، کە مرۆڤ دەیکات. لێرەدا تەنیا ئەو خواری خوارەوەیە نییە نیگەرانیی بۆ دەهێنێت، بەڵکوو چاوی خۆیشیەتی. با وای دابنێین لە خوارەوە ناڕوانێت. کەواتە سەرەسووڕێ کاتێ دروست دەبێت، کە مرۆڤ ئەگەرەکانی خۆی دەبینێت. لەو سەرەسووڕێیەدا ئازادی دادەبەزێت و هەر لەم کاتەیشدا هەموو شتێک ڕوو دەدات. کاتێ ئازادی بەرز دەبێتەوە، بۆی دەردەکەوێت گوناهبارە. مرۆڤ لە دۆخی نیگەرانیدا بە شێوەیەکی دووفاقییانە گوناهـ دەکات. بە مانایەکی دی، لە کاتی لەهۆشچووندا دەست بۆ گوناهـ دەبات.

(ئەلبێرت کامیۆ) لە سەرەتای کتێبی (مرۆڤی یاخی)دا لەبارەی ڕۆمانی (بەرزاییەکانی وێزەرینگ)ی (ئیمیلی برۆنتی)یەوە دەنووسێت: (هیسکلیف ئامادەیە لەپێناو بەدەستهێنانی کاترینی خۆشەویستیدا هەر کەسێکی گێتی بکوژێت، بێ ئەوەی لە خۆی بپرسێت ئاخۆ ئەو کوشتنە ڕەوایە، یان بیەوێت بە پاڵپشتی تیۆرییەکەوە پاساوی بۆ بهێنێتەوە). ڕاستییەکەی (هیسکلیف: Heathcliff) دەیەوێت لە ڕێی هاوسەرگیریی لەگەڵ (ئیزابێلا لینتۆن)ـەوە خۆی و خانەوادەکەی تێک بشکێنێت، بەو مەبەستەی تۆڵە لە (ئێدگارد لینتۆن)ی برای بکاتەوە، کە ئێستا مێردی (کاترین ئێرنشۆ)ی خۆشەویستیەتی و هەر لە منداڵییشەوە پێکەوە لە ماڵێکدا گەورە بوون، بەوەی (میستەر ئێرنشۆ)ی باوکی (کاترین) کاتێ زانیویەتی (هیسکلیف) منداڵێکی بێکەسە، یان فڕێدراوە و لە شەقامەکانی لیڤەرپوولدا دەسووڕێتەوە، هەڵیگرتووەتەوە و وەک دیاری بۆ هاوسەرەکەی هێناوەتەوە. لێرەدا (کامیۆ) بەرگری لە کوشتن ناکات، بەڵکوو دەیەوێت ئەوە پیشان بدات، کاتێ ئێمە تیۆرییەکمان لە بەرچاو گرتووە و ئەو تیۆرییە فەرمانمان پێ دەکات، چی بکەین و چی نەکەین، ئازادیمان لە دەست داوە. بۆ ئەوەی تۆ خەسڵەتی مۆڕاڵی بدەیتە پاڵ کەسێک، وەک ئەوەی (ئارام کاکەی فەلاح) کردوویەتی، ئەوە سەرچاوەت لە بەرچاو گرتووە و پێوەرەکانت لەو سەرچاوەیە هێناون. باشە و خراپە تەنیا لە ڕێگەی پێوەرەوە دەستنیشان دەکرێن، کە سەرجەم بەرهەمە فەلسەفییەکانی (نیتشە) بریتین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سەرچاوە و پێوەرانە. بەگشتی فەلسەفە لانی کەم

لەوەوە دژی هەموو دابەشکردنێک وەستاوەتەوە، بەوەی لە هەر دابەشکردنێکدا کۆمەڵێک مانا لە پێناوی دەستەڵاتدا دەکوژرێن، تا حەقیقەتی چەسپاوی ئەو دەستەڵاتە بمێنێتەوە. ئەو پرۆسێسی جوداکردنەوەیە دەیەوێت هەموو شتێک ئاسان بکاتەوە و بە خێرایی بە ئەنجامێک بگات، کە پێشتر لای جەماوەر زانراوە. لە ئەفۆریسمی پێنجی کتێبی یەکەمی (مرۆڤی قاڵبوو لە مرۆڤایەتیدا: Human, All Too Human)، لەژێر ناونیشانی (خراپتێگەیشتنی خەون)دا دەنووسێت: (مرۆڤی شارستانیەتە سەرەتاییە زبرەکان وای دەزانی لە خەوندا دنیای دووەمی ڕاستی دەدۆزێتەوە. ڕێک ئێرە بنکەی سەرجەم مێتافیزیکایە. بەبێ خەون نەدەکرا مرۆڤ پاساو بۆ دابەشکردنی جیهان بدۆزێتەوە. جوداکردنەوەی ڕۆح و جەستەیش هەر پێوەندیی بەم ڕاڤە کۆنەی خەونەوە هەیە).

لە بەرهەمەکانی پێشوومدا بۆ نموونە لە کتێبی (کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات)دا هەوڵم داوە بەوردی لەو بارەیەوە بنووسم، بۆیە نامەوێت لێرەدا بۆچوونەکان پاتە بکەمەوە.

تۆ لەم هەڵسەنگاندنەداتەنیا ئەوانە سنووردار ناکەیت، کە هەڵیاندەسەنگێنیت، بەڵکوو ئازادیی لە خۆیشت دەستێنیتەوە و بەو سەرچاوەیەی دەدەیت، وا پێوەرەکانت لێ هەڵهێنجاون. ئەو پرۆسێسی جوداکردنەوەیە دەیەوێت هەموو شتێک ئاسان بکاتەوە و بە خێرایی بە ئەنجامێک بگات، کە پێشتر لای جەماوەر زانراوە. (ژنەکان بێگەرد و پیاوەکان بەدن)، بەرهەمی ئەو دابەشکارییەیە و تێیدا پێوەر خراوەتە گەڕ، کە نەک لە ئاستی میللیمان دوور ناخەنەوە، بەڵکوو پتر بەوێمان گرێ دەدەنەوە.

ئەم گوتوبێژەی (ئارام کاکەی فەلاح) دەربڕینێکی سادەی فیکری میللییە، با ناوی کۆمەڵێک فیلۆسۆف و نووسەریشی تێدا هاتبن. ئەوەی دەڵێت، گۆیە پیاوان (خۆرهەڵاتیان داگیر و ناخۆش کردووە)، هەمان هەڵەی لۆجیکییە و فیکری میللی سەپاندوویەتی، هەمان دابەشکارییە و بە مەبەستی ئاسانکردنەوە، پەنای بۆ برراوە، دەنا ئایا نموونەی ئەو پیاوانە لە خۆرئاوایش نین؟ دابەشکردنی دنیا بەسەر خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، بەو مەبەستەی یەکێکیان بەرز بکەیتەوە و ئەوەی دیکەیان نەوی، ئەو هەڵە لۆجیکییەیە، کە بە (جەختکردنەوەی لایەنگرانە: confirmation bias) ناسراوە. واتە پێشتر بڕیارەکە دراوە و سەرچاوە لە بەرچاو گیراوە.

یەکێ لەو پرسیارانەی لێ کراون، لەبارەی ڕەنگەوەیە، کە حەزی لە کامیانە. ئەمە وەڵامەکەیەتی: (من هەموو ڕەنگەکانم پێ جوانە، بەڵام لە ناویاندا گەر هەر دەبێ

یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوا شەکەری هەڵدەبژێرم). یان پرسیاری: (زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟)، وەڵامەکەی: (لە درۆ)یە.

لە سەرەتای هەشتاکاندا بەرنامەیەکی تیڤی هەبوو، کە دەچووە ماڵان و کۆمەڵێک پرسیاری لە خەڵک دەکرد. دووانیان ئەوانە بوون، وا لەم نووسەرەی ئێمە کراون و هەمان وەڵامی ئەوانیشی داونەتەوە. جیاوازەکە لەوەدایە، ئەوان ناوی یەک نووسەر و فیلۆسۆفیان نەدەهێنا. لە بیرمە بینەران بە گشتی ڕەخنەیان لەو بەرنامەیە دەگرت و دەیانپرسی: (ئەرێ ئەو پرسیارانە نەسووانەوە؟).

دیارە من نەمدەویست لەسەر ئەم وەڵامانەی دواییدا بوەستم، ئەگەر ناوی ئەو هەموو نووسەر و فیلۆسۆفەی لە گوتوبێژەکەیدا نەهێنابوونایە، چونکێ ئەم زمانەی لەگەڵ زمانی بەرهەمەکانی پێشوویدا ڕێک دێتەوە. ئایا مرۆڤ بەو مەبەستەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، پێویستی بە خوێندنەوە دەبێت؟ ئایا نووسەری ئەم گوتانە، (پۆپەر) و فیلۆسۆفانی دیکەی ناسیون؟ بۆ خوێنەرێکی فەلسەفە سەختە بڵێت من بە فڵان فیلۆسۆف سەرسامم و لە فەلسەفەکەی ئەوەوە فێر بووم. ئاڕاستە فەلسەفییەکان چەند دژی یەکیش بن، هێشتا پێوەندییان پێکەوە هەیە، بەوەی فەلسەفە لە ڕێی دایەلۆگ لەگەڵ ئەوانەی ترەوە دادەمەزرێت. (پۆپەر) هەر خۆی ئەوەی کردووە. وەک بینیمان کۆمەڵێک فیلۆسۆف و نووسەری بوارە جیاوازەکان، هەم هیی پێش خۆی و هەم هاوچەرخەکانی لە پێکهێنانی فەلسەفەکەیدا بەشدارن، با ڕەخنەی توندیشی لێ گرتبن. من لەو ناگەم، ئەگەر هاوکات لەگەڵ ئەوانیشدا ئەو پێوەندییە دایەلۆگییەم نەبێت. ئێمە لە دایەلۆگی فەلسەفییەوە فێر دەبین، نەوەک لە فیلۆسۆفێکی دیاریکراو.

## سەرچاوەکان:

- Popper, Karl R. The Open Society and Its Enemies, Complete: Volumes I and II, Fifth edition (revised) 1966.

- Popper, Karl, The Logic of Scientific Discovery, Routledge classics London and New York, 2002

- Popper, Karl R., Conjectures & Refutations, Growth of Scientific Knowledge, Karl R. Popper, 1962.

- Popper, Karl, The Poverty of Historicism, ARK PAPERBACKS, London and New York

- Popper, Karl, The Myth of the Framework: In Defence of Science and Rationality, Edited by M. A. Notturno, Routledge London and New York, 1995.

- Popper, Karl, In Search of a Better World: Lectures and Essays from Thirty Years, 1995.

-Adorno, Theodor W.; et al. The Positivist Dispute in German Sociology, translated by Glyn Adey and David Frisby. London: Heinemann, 1977.

- *Brandt, Frithiof, Søren Kierkegaard, 1813-1855; HIS LIFE - His Works, (Danes of the Present and Past), Copenhagen, 1963.*

- Camus Albert, The Rebel, translated by Anthony Bower WITH A FOREWORD BY SIR HERBERT READ , Penguin Modern Classics, 1982.

- Nietzsche, Friedrich, Human, All Too Human, Part I, translation of Helen Zimmern with an introduction by J. M. Kennedy, T.N. Foulis (13 & 15 Frederick Street, Edinburgh and London 1910.